# بەرەوپێشچوونی دۆخی ئافرەتان
# لە هەرێمی کوردستان
# ١٩٩٢ -٢٠١٩

ئامادەکردنی
لیژنەیەک لە ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان

## سوپاس و پێزانین

ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان سوپاسی وەزارەت و ڕێکخراو و چالاکوانی بواری مافەکانی ئافرەتان دەکات، بە پێدانی زانیاری هاوکارمان بوون بۆ ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە.



بەرەو پێشچوونی دۆخی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان ١٩٩٢- ٢٠١٩
ئامادەکردنی: ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان
چاپی سێیەم ٢٠١٩
تیراژ ١٠٠٠ دانە
چاپخانەی شەهاب – هەولێر
ژمارەی سپاردن: ٢٠١٩/٢٥١٠ – هەولێر – هەرێمی کوردستان – عێراق.

## پێشەکی:

بەبۆنەی تێپەڕبوونی بیست و پێنج ساڵ بەسەر پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان بەهاوکاری ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکانی تر، بڕیاریدا بەدواداچوون بکات بۆ سیاسەت و ڕێکار و کردارەکانی حکومەت سەبارەت بە مەسەلەکانی ژنان و بەرنامەکانی، بۆ بەرەوپێشچوونی بارودۆخیان وەك بەشێکی گرنگ لە پرۆسەی پەرەسەندنی بەردەوام و گشتگیر لە هەرێمی کوردستاندا، کە بەرنامەی پەرەسەندنی تواناکانی مرۆڤ دەکەوێتە بنەما سەرەکییەکانی ئەم پرۆسەیە.

ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان لە بڕوای تەواویەوە بە تواناکانی ئافرەتانی کوردستان و پێویستی کاراکردن و وەگەڕخستنی ئەو توانایانە، کە بەبێ ئەوە ناکرێت باس لە بەرنامەکانی پەرەسەندنی تواناکانی مرۆڤ بکرێت، ئەوەش یەکێکە لە ئەرکە سەرەکییە بەردەوامەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

بیرۆکەی ئەم کارە تەنها بۆ ئەوە نییە لایەنە گەش و پێشکەوتنەکان بخەینە بەرچاو، بەڵکو لێکۆڵینەوەش لە کەلێن و کەموکورییەکان و دەستنیشانکردنی کۆسپ و تەگەرەکان و لە هەمان کات سوودوەرگرتن لە دەرفەتەکانی سەرکەوتن کە بەر لە هەموو شتێک خۆی لە خواستی بەرزی ئافرەتانی کوردستاندا دەبینێتەوە بۆ پێشکەوتن و هاوبەشی کاراو بەدەستهێنانی مافە مرۆڤایەتییەکانیان وەك هاوڵاتی، بەرەو وەدیهێنانی یەکسانی تەواو لە مافەکانی ژن و پیاودا لە هەرێمی کوردستان.

هەروەها لە ویستی پرۆسەی سیاسی کوردستان بە بیروبۆچوونە هەمە جۆرەکانەوە بۆ بەرەو پێشبردنی بارودۆخی ژنان، لە ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان، ئەم ئەرکە بە هەردوو ئەندامی ئەنجومەن بەڕێزان (کۆسار کەریم و پەروین حەسەن) سپێردرا، لە کۆتاییدا بەڕێز کۆسار کەریم هەستا بە دارشتنەوەی کتێبەکە، شایانی باسە کە زۆربەی وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم بەرپرسیارانە هاوکاری ئەنجوومەن بوون بە کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ڕاپۆرتی تایبەت بە وەزارەتەکانیان لەو بوارەدا.

ئەرکەکە ئاسان نەبوو، دیارە بێ کەم و کوریش نابێت، بەڵام دڵنیاین لەمەولا وەزارەت و دامەزراوە فەرمییەکان بایەخێکی زیاتر دەدەن بە کۆکردنەوە و پاراستنی بەڵگەنامەکانیان لەم بوارەدا.

له كۆتاییدا دەستخۆشی لەم دوو ئەندامەی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمـان دەكەم كە ئەركـی سـەرەكییان لەم كـارەدا كەوتە ئەسـتۆ لەگەڵ سـەرجەم ئەنـدام و كارمەنـدانی تـر كە بەشدارییان كرد لە دەرچوونی ئەم كتێبە، زۆر سوپاسی گشت وەزارەت و دامەزراوە فەرمییەكانی دیـكە و ڕێكخراوەكـانی كـۆمەڵگەی مەدەنـی و كەسـایەتییەكان دەكەم كە هاوكـاربوون لە ئەنجامدانی ئەم كارەدا.

سوپاسی گشت ئەندامانی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان و گشت ستافی دەكەم كە بە بایەخەوە هاوكاریان پێشكەش كرد.

هیـوادارم لە گشـت لایەنـی پەیوەندیـدار بەڕاو سـەرنج و تێبینییەكانیـان و پڕكـردنەوەی كەلینەكانی ئەم كارە دەوڵەمەند بكەن.

**پەخشان زەنگنە**

ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان

لە حكومەتی هەرێمی كوردستان

لە هێڵە گشتییەكانی بەرنامەی كاری كابینەی نۆیەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان:

**دژی هەر جیاكارییەكی ڕەگەزی و پەراوێزخستنی ڕۆلی ئافرەت دەوستینەوە، پێویستە ئافرەتان بەتوانا و لێهاتوویی خۆیانەوە ڕۆڵ و پێگەی شایستەی خۆیان لە كۆمەڵگەدا وەرگرن و بەشدارییەكی كارای ناو كایەی سیاسی و ئابووری و كۆمەڵایەتی هەرێمدا، بكەن.**

# بەشی یەکەم

## بوارەکانی بەرەوپێشچوونی پێگەو رۆلی ژنان

# یەکەم: بواری یاسایی

لەسەرەتای دروست بوونی پەرلەمان و کابینەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ، بۆ بەرژەوەندی ئافرەتان و دەستەبەر کردنی مافەکانیان چەندان یاسا هەموارکراون و گۆڕانکاریان تێدا کراوە کە ئێستا لە جێبەجێ کردندان ، بە لەبەر چاوگرتنی دەستووری عێراق بڕیاری لەسەر چەندین ماف داوە بۆ ئافرەتان وەك (مافی بەشداری سیاسی و ئابووری، مافی کارکردن، مافی تەندروستی، مافی خوێندن، مافی هەڵبژاردنی هاوسەر، جیابوونەوە لە کاتی زەرەرمەنبووندا، نەفەقە...هتد ،کە ئەمانە کاریگەری راستەوخۆیان هەیە لەسەر نەهێشتنی جیاکاری دژی ژنان ) ، بەم شێوەیەی لای خوارەوە ڕیزبەندیان دەکەین:

## ١-١یاساکانی تایبەت بە دەستهێنانی مافەکانی ئافرەتان

**١ -یاسای ژمارە (٧) ی ساڵی (٢٠٠١)**

(بەدەرکردنی ژن لە حوکمەکانی بڕگە (١)ی ماددەی (٤١) ی یاسای سزاکانی ژمارە (١١١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٦٩ هەڵدەبوێردرێ). ئەو بڕگەیە بریتی بوو لە:

**{تەمێکردنی ژن لە لایەن مێردەکەیەوە و تەمێکردنی منداڵانی ناکام لە لایەن باوکیان یان مامۆستا یان هەرکەسێکی ترەوە کەلە حوکمی ئەواندا دان بۆ ئەو منداڵانە لەو سنوورەی کە بڕیاری لەسەر دراوە لەلایەن شەرع یان یاسا یان عورفەوە}.**

**٢ -یاسای ژمارە (٨) ی ساڵی (٢٠٠١) ، تەڵاقدانی بە زوڵم:**

**{ ئەگەر مێردێك ژنەکەی تەڵاق داو ، دادگا بۆی دەرکەوت کە مێردەکە بە زوڵم تەڵاقی داوە و بەو تەڵاقدانەش ژنەکەی زەرەرمەند کردووە ، ئەوا لەو بارەدا ،دادگا لەسەر داوای ژنەکە حوکمێکی ئەوتۆ بەسەر مێردەکەدا دەدات ، کە لەگەڵ باری دارایی و گوزەران و پلەی زوڵمەکەیدا بگونجێ و زەرەرەکان سەرجەم خەمڵ دەکرێن بە مەرجێ سەرەڕای مافە چەسپاوەکانی دیکەی ژنەکە نەفەقەکەشی لە ماوەی دووساڵ کەمتر نەبێ و لە (٣) ساڵیش تێنەپەڕێ }.**

**٣ -یاسای ژمارە (١٤)ی ساڵی (٢٠٠٢):**

تێوەگلان لە تاوانی دەرهەق بە ئافرەتدا ، بە بیانووی هۆکاری شەریف، بۆ مەبەستی بەرکارخستنی حوکمەکانی ماددەگەلی (١٢٨، ١٣٠، ١٣١) یاسای سزاکانی ژمارە (١١١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٦٩ بە پۆزشی (عوزری شەرەف) بە عوزری سوك کردنی سزا هەژمار ناکرێت.

**٤ -یاسای ژمارە (٢٣)ی ساڵی (٢٠٠٣)، یاسای دەرەماڵەی منداڵبوون و دایکایەتی:**

**{ ئەو ئافرەتەی لە ئیجازەی منداڵبووندا یان لە ئیجازەی دایکایەتیدا بێت ، بە درێژایی ماوەی ئیجازەکەی مووچە و دەرەماڵەی تەواوی پێبدرێت }** ، کە ماوەی پشووەکەی یەك ساڵە.

**٥ -یاسای ژمارە (٢٤)ی ساڵی ٢٠٠٤:**

ماددەی یەکەم: یاسای جێبەجێکردنی (یاسای باری کەسێتی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی (١٩٥٩) هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان – عیراق.

دووەم: ئاماژە بە یاسای ناوبراو لە بڕگەی یەکەم وەکو یاسایەکی تایبەت بە هەرێمی کوردستان – عێراق دادەنرێت لە حاڵەتی جێبەجێکردنی بڕیاری ئەنجومەنی حوکم ژمارە ١٣٧ لە ٢٠٠٣/١٢/١٩ دەرچووە یان هەر بڕیارو یاسایەک.

**٦ -یاسای ژمارە (٤٣)ی ساڵی (٢٠٠٤): ڕاگەیاندنی جێبەجێ کردن**

وەستاندنی سەپاندنی ئەو سزایەی لە مادده (١٤٤)ی یاسای ژمارە (١١١)ی هەمواركراوی ساڵی (١٩٦٩)ی سزاكاندا هاتووە ، جەریمەكانی دژ بە ئافرەتی بە شوو ناگرێتەوە. ئەومادده‌یە بریتی بوو لە:

**{ دادگا كاتێك حوكم دەدات لە تاوانێك یا كەتنێك بە بەندن بۆ ماوەیەك زیاتر نەبێت لە یەك ساڵ ئەوا لە هەمان حوكمدا دەتوانێ فەرمان بدات بە ڕاگرتنی جێبەجێ كردنی سزاكە ئەگەر كەسە سزا دراوەكە لە پێشتردا سزا نەدرابێ لەسەر ئەنجامدانی تاوانێكی بە ئەنقەست و دادگا لە ڕێگەی ڕەوشت و ڕابردوو و تەمەنی سزادراوەكە و بارودۆخی تاوانەكەوە پێی وا بێ كە ئەم كەسە ناگەڕێتەوە سەر ئەنجامدانی تاوانێكی نوێ، دەكرێ دادگا ڕاگرتنی سزا تایبەت بكات بە سزا بنچینەییەكەوە بە تەنها ، دەشكرێ ڕاگرتنەكە بە جۆرێك بێت كە سزا پاشكۆكان و تەواوكاریەكان و ڕێكارە خۆپارێزیەكانیش بگرێتەوە و خۆ ئەگەر سزادراوەكە حوكمدرا بوو بە سزای پێبژاردن و بەندكردن پێكەوە ئەوا دادگا بە تەنها جێبەجێ كردنی بەند گرتنەكە ڕابگرێت. دادگا دەبێت لە سزاكەدا ئەو هۆكارانە بخاتە ڕوو كە پشتی پێبەستوون بۆ ڕاگرتنی جێبەجێ كردنەكە }.**

### ٧ -یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٧ یاسای لێبوردنی گشتی لە هەرێمی كوردستان ـ عێراق

**ماددەی یەكەم:** لێبوردنی گشتی ئەو حوكمدراوانە (بەندكراو وگیراوانە) دەگرێتەوە لەو كێشانەی كە ئاشتبوونەوەی لایەنەكانی لەبەردەم دادگا ئەنجامدراوە.

**ماددەی دووەم:** سزای حوكمدراوان بە لەسێدارەدان لەسەر ئەوكێشانەی كە ئاشتبوونەوە لە نێوان لایەنەكان لەبەردەم دادگا ئەنجام دەدرێ كەم دەكرێتەوە بۆ بەندكردنی تا هەتایی.

**ماددەی حەوتەم:** حوكمەكانی مادده (١،٢،٤،٥)ی ئەم یاسایە، حوكمدراوە گەڕاوەكان وئەوانەی ئەم تاوانانەیان ئەنجامداوە ناگرێتەوە:-

**دەیەم:** ڕفاندن و خراپكردنی ئافرەت ونێربازی ومێبازی لەگەڵ مەحرەمەكان.

**یازدەم:** كوشتن لەسەر مەسەلەی ناموس(عەیب شۆرین).

### ٨ -یاسای ژمارە ( ١٨) ی ساڵی (٢٠٠٧):

( ڕاگرتنی كاركردن بە مەرجی هاوسەربوون كە لە دەقی بڕگەی یەكەمی ماددەی (٤١) لە یاسای داواكاری گشتی ژمارە (١٥٩)ی ساڵی ١٩٧٩ دا هاتووە لە هەرێمی كوردستان- عێراق).

### ٩ -یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٨:

**{ یاسای قەدەغەكردنی خراپ بەكارهێنانی ئامێرەكانی پەیوەندی كردن لە هەرێمی كوردستان-عێراق }.**

### ١٠ -یاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی (٢٠٠٨):

( یاسای هەمواركردنی جێبەجێ كردنی یاسای باری كەسێتی ژمارە (١٨٨)یساڵی ١٩٥٩ ی هەمواركراو لە هەرێمی كوردستان-عیراق. كە نزیكەی (٢٥) مادەی لە بەرژەوەندی مافەكانی ئافرەتاندا هەمواركراوە.

### ١١ -یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٠٩،

یاسای هەمواركردنی چوارەمی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان-عێراق ، ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەموار كراو: ماددەی چوارەم :

**{ هەرقەوارەیەكی سیاسی لە كوردستانی-عێراق بۆی هەیە لیستێكی تایبەت بە خۆی پێشكەش بكات ، كە ناوی پاڵێوراوەكان لەسەر ئاستی كوردستان – عێراق تیابێ ، بە مەرجێ ڕێژەی ژن لە ٣٠٪ كەمتر نەبێت و زنجیرەی ناوەكان بە جۆرێ ڕێك بخات ئەم ڕێژەیەی ژنان**

**دەستەبەر بکات ، بە مەرجێ ژمارەی پاڵێوراوان لە هەر لیستێکی هەڵبژاردن لە سێ کەمتر نەبێت }.**

**١٢ -یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٩)،**

یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان و قەزا و ناحیەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق :

ماددەی حەوتەم ، بڕگەی دووەم :

( لیستی پاڵێوراوەکان بە جۆرێك ڕێکدەخرێت کە ڕێژەی نوێنەرایەتی ئافرەتان لە ٣٠% ی ئەندامان کەمتر نە بێت).

**١٣ -یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٠٩**

یاسای پەیمانگای دادوەری هەرێمی کوردستان – عێراق .

دەرچوونی ئەم یاسایە ڕێگایەکە بۆ پێگەیاندنی ئافرەتان و بوون بە دادوەر ، کە ئێستا ڕێژەیەکی بەرچاو دادوەری ژن بەدی دەکرێت لە دادگاکانی هەرێم.

**١٤ -یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی (٢٠١١):**

(یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی لە هەرێمی کوردستان- عیراق)

**١٥ -یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠١٥)،**

یاسای هەموارکردنی جێبەجێ کردنی یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان:

( کارکردن بە حوکمی ماددەی (٤٠٩)ی یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ ی هەموار کراو، ڕادەگیرێت). لە پێناو چەسپاندنی دادگەری و هێنانە کایەی کۆمەڵگایەکی دوور لە توند و تیژی و جیاکاری ڕەگەزی ئەم یاسایە دەرچوێنرا.کە مادەکە بریتیە لە:

**{ سزادەدرێ بە بەندکردن بۆ ماوەیەك زیاتر نەبێ لە سێ ساڵ ئەوەی کوتوپڕ ژنەکەی یان یەکێك لەوانەی کە بۆی ناشێن ببینێت لە باری زیناکردندا بێ یا لەگەڵ هاوبەشەکەیدا لەناو یەك جێی نوستندا ببینێ و دەستبەجێ هەستێ بە کوشتنی هەردووکیان یاخود یەکێکیان بکوژێ یان دەستدرێژی بکاتە سەر هەردووکیان یاخود یەکێکیان مردن یا کەمئەندام بوونی بەردەوامی لێبکەوێتەوە. ناکرێ بەرگریکردنی ڕەوا بەکاربهێنرێ لە دژی ئەو کەسەی سوود وەردەگرێ لەم بەهانەیە و حوکمی توندکردنی سزا لە دژی پیادە ناکرێ }.**

**١٦ -یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠١٥)ی پەرلەمانی کوردستان،**

بە هەموارکردنی مادەی (٥٧) لە یاسای باری کەسی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی ١٩٥٩ بۆ بینینی منداڵان لەلایەن دایك و باوکەوە لەکاتی تەڵاق و جیابوونەوە لە هەرشوێنێك کە خۆیان دیاری دەکەن.

# بـــڕیـــار

ژمارەی بڕیار: ٤٨

ڕۆژی بڕیار: ٢٠٠٤/٦/١٩

پشت بە حوکمەکانی بڕگە (١)ی ماددەی پەنجاوشەش لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی(١٩٩٢) و، لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی (٢٠٠٤/٦/١٩)یدا ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا:

**یەکەم:** دانانی ڕۆژی ١٢/١٧ی هەموو ساڵێك کە ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستانە بە ڕۆژی دایك لە کوردستان.

**دووەم:** ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی ڕەسمی بڵاو دەکرێتەوە.

## ٢-١ ڕۆڵی ئافرەت لە دەسەڵاتی دادوەرییدا

دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٩٢ ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان دامەزرا ، یاسای ژمارە (١٤) ساڵی ١٩٩٢ ی دەسەڵاتی دادوەری دەرچوو کە گرێدرا بوو بە یاسای وەزارەتی دادەوە تا دەرچوونی یاسای ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ کە یاسای ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان-عێراقە ، بە پێی ئەم یاسایە ئەنجومەنی دادوەری لە وەزارەتی داد جیابۆوە و بەو پێیەش دەسەڵاتی هەریەکێکیان دیاری کرا ، بە شێوازێك کە پێکهاتە دادوەریەکان ، تایبەتمەندی دادگا ، ڕاژەی دادوەری ، میکانیزمی دامەزراندنی دادوەران ، چۆنیەتی بەرزکردنەوەی پایەکان ،هەریەکە ڕێچکەی تایبەتی خۆی گرت، هەر لەم ڕووەوە پێشکەوتنی ئافرەتان لە دادگا و ڕۆڵیان لە جێبەجێ کردنی یاساکاندا تا ڕادەیەك بەرچاوە و ڕێژەیەکیان بەدەستهێناوە ، بەم جۆرەی لای خوارەوە :

* یەکەم دادوەری ئافرەت لە شاری دهۆك دانرا بە ناوی (کەمیلە عەلی ساڵح )لە ساڵی ١٩٩٨ ، هەروەها یەکەم دادوەری ژن لە سلێمانی بە ناوی (گەلاوێژ سەعید محەمەد).

* (٥٦) داواکاری گشتی ئافرەت لە هەرێمی کوردستان هەن ، کە ڕێژبەندیەکەیان بەم شێوەیە لەسەر ئاستی پارێزگاکان: هەولێر (١٧)، سلێمانی و هەڵەبجە (٢٤) ، دهۆك (٧) ، گەرمیان (١). هەروەها (٣٠) دادوەری ئافرەت لە دادگاکانی تێهەڵچونەوە پێکهاتوون لە : هەولێر (١٠)، سلێمانی و هەڵەبجە(١٤)، دهۆك (٥) ، گەرمیان (١) دادوەرن. سەبارەت بە لێکۆڵەری دادوەری بریتین لە (١٩٤) ژن ، هەروا یاریدەدەری دادوەرەری بریتین لە (٢٨٩) ئافرەت لەسەر ئاستی هەرێم. جگە لەمانە چەندان مافناس و یاساناس هەن لە کەرتی گشتی و تایبەتیدا کاردەکەن.

## ٣-١ دەزگا و لیژنە یاساییەکان

- کردنەوەی پەیمانگای دادوەران
- دامەزراندنی دادگای تایبەت بە بەرەنگار بوونەوەی توندوتیژی خێزانی لە هەرسێ پارێزگاکەی هەرێم و ئیدارەی گەرمیان.
- دامەزراندنی لیژنەی ئاشتەوایی لە دادگاکانی بەرەنگار بوونەوەی توندوتیژی خێزانی
- دامەزراندنی لیژنەی بەرەنگار بوونەوەی توندوتیژی ئافرەتان و خێزان لە پارێزگاکانی هەولێر دهۆك و سلێمانی، بە سەرۆکایەتی پارێزگارو ئەندامێتی وەزارەتە پەیوەندارەکان و ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان.

# دووەم: ژنان و بەشداری سیاسی و کارگێڕی

## ٢-١ ڕۆڵی ئافرەت لە نێو پارتە سیاسیەکان:

بە شداری ژنــان لە سیاســەتدا لە پــێش ڕاپەڕینــدا بە دوو شــێوە بــوو (پێشــمەرگەی ژن، ژنە پێشــمەرگە) کە لە شــاخ و لە شــار دەوری کاریگەیــان بینیــوە، بەڵام لە ســەرکردایەتی حزبەکانــدا بە ڕێژەیەکی زۆر کەم بەشدار بوون و تەنها خۆیان لە نێو ڕێکخراوە جەماوەریەکانــدا دەبینیــەوە ، تــا دوای ڕاپەرین کەمێك ئەم ڕێژەیە سەرکەوت و تاك تاك لە سەرکردایەتی پارتەکاندا ڕۆڵیان دەبینــی، بێگومــان لە کــۆی پــارتە عەلمــانی و ئیســلامی و کۆمۆنســتیەکان بە گشــتی بــۆ مەســەلەی ژن وەك یەك بــوون، لەگەڵ ئەوەشدا ئیرادەی سەرکردایەتی سیاسی لە هەرێمی کوردســتان بەرامــبەر بە پرســی ئــافرەت تــا ڕادەیەك زەمینە سازی کردووە بۆ پێش کەوتنی ژنان لە سیاسەتدا بە تــایبەتی لە دوای ســاڵی ٢٠٠٣ و ڕوخانــدنی ڕژێمــی بەعــس ، بــۆ نمــونە هەنــدێك لە پــارتە سیاســیەکان سســتەمی کۆتایــان لە ئاســتی سەرکردایەتی و خوارتر داناوە ، واتا :

- پارتی دیموکراتی کوردستان ١٠%
- یەکێتی نیشتمانی کوردستان ٢٠%
- یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان ٢٥%
- کۆمەڵی ئیسلامی ١٠%
- بزوتنەوەی ئیسلامی تەنها (١) ئافرەت
- حزبی شیوعی کوردستان (٤) ئافرەت
- حزبی سۆشیالستی کوردستان (٢) ئافرەت
- حزبی زەحمەت کێشانی کوردستان (٢) ئافرەت

بزوتنەوەی گۆڕان ١٠% ی ژنان ، بە هەمان شێوە حزبە تورکمانەکــان و حزبە ئــا شووریەکان جیاوازییەکی ئەوتۆیان نیە لەگەڵ پارتەکوردییەکاندا.

## ٢-٢ ڕۆڵی ئافرەتان لە پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاکان:

### أ - پەرلەمان:

پەرلەمــانی کوردســتان لە ســاڵی ١٩٩٢ تــا ٢٠١٩ بە پێــنج خولــدا تێپەڕیــوە، کە دوایــن خــول لە ســاڵی ٢٠١٨ هەڵبژێــردرا .بێگومــان لە هەرخولێکــدا ڕێــژەیەك ئــافرەت بەشــداربوون کە لەلایەن پــارتە سیاسیەکانەوە دەست نیشانکراون لە هەردوو لیســتی کــراوە و لیســتی داخــراو و نــیمچە داخــراودا ، بەو شێوەیەی کە لە خولی یەکەمی پەرلەماندا ڕێژەی (٧%) ی کورسیەکانی بەدەستهێنا بە بێ پیادەکردنی سستەمی کۆتا ، دواتر لە ساڵی ٢٠٠٣ یاسای ژمارە (١)ی هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان هەموار کــرا و ڕێژەی ٢٥% ی کورسیەکان بۆ ئافرەتان دانرا ، دواتر لە ساڵی ٢٠٠٩ ڕێژەکە بەرز کــرایەوە بــۆ ٣٠% ، ئەم خشتەیەی خوارەوە روونی دەکاتەوە:

خشتەی ژمارە (١)

ژمارەی ژنانی پەرلەمانتار بە پێی خولەکانی پەرلەمانی کوردستان

| خول | ساڵ | ژمارە |
|---|---|---|
| خولی یەکەم | ١٩٩٢ | ٧ |
| خولی دووەم | ٢٠٠٥ | ٢٨ |
| خولی سێیەم | ٢٠٠٩ | ٤١ |
| خولی چوارەم | ٢٠١٣ | ٣٤ |
| خولی پێنجەم | ٢٠١٨ | ٣٣ |

لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستاندا، بۆ یەکەمجار ئافرەت بۆ سەرۆکایەتی و سکرتێری پەرلەمان دەست بەکاربوون، ئەمەش دەستکەوتێکی گرنگ بوو بۆ ژنانی کوردستان.

## ب ئەنجومەنی پارێزگاکان:

هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا لە هەرێمی کوردستان تا ئێستا بە دوو خولدا تێپەڕیوە ، لە ساڵی ٢٠٠٥ بە ڕێژەی ٢٥% ی کورسی بۆ ئافرەتان بوو ، لە ساڵی ٢٠١٣ بە ڕێژەی ٢٥% ی کورسییەکان بوون لە هەر پارێزگایەکدا. لە ساڵی ٢٠٠٥ ڕێژەکە بەپێی پارێزگا بەمجۆرە بوو : پارێزگای دهۆك (١٢)، هەولێر (٩)، سلێمانی (١٣) بە هەڵەبجەو گەرمیانەوە ئەو کاتە. لە ساڵی ٢٠١٣ بەمشێوەیە بوو: پارێزگای دهۆك (٩) ، هەولێر (٩) ، سلێمانی (١٠).

## ٢-٣ ڕۆڵی ئافرەت لە کابینەکانی حکومەتی هەرێم:

بارو دۆخی هەرێمی کوردستان لە دوای ڕاپەڕین بە بارودۆخێکی سەختدا تێدەپەڕی بە جۆرێك کە کابینەی یەکەمی حکومەت وەك یەکەم ئەزموون لە بارێکی زۆر گران و نا ئاسایی و نائارامی و جەنگ و قەیرانی دارایی و قەیرانی مەعنەویدا گوزەری کرد . هەر بۆیە تەنها یەك ساڵی خایاند واتە لە مایسی ١٩٩٢ بۆ نیسانی ١٩٩٣ بوو ، لەم کابینەیەدا تەنها (١)ژنی وەزیر هەبوو .بە هەمان شێوە کابینەی دووەم کێشەکان زیاتر تەشەنەی کرد و شەڕی ناوخۆ دروست بوو ولە ئەنجامدا دوو ئیدارەیی لێکەوتەوە هەر بۆیە (١٩٩٣-١٩٩٤ ) بوو، لێرەشدا هیچ گۆڕانکاریەك بەسەر ڕێژەی ژناندا نەهاتوو هەر ئەو وەزیرەی پێشوو وەك خۆی مایەوە .

پاشان کابینەی سێیەم و چوارەم دوو ئیدارەی جیاواز بوو لە ساڵی (١٩٩٤-٢٠٠٥) درێژەی کێشا ، بەڵام لەو ماوەیەدا چەند گۆڕانکاریەك بەسەر ڕێژەی ئافرەتاندا هات لە هەردوو کابینە ، لە ئیدارەی هەولێر (٢) وەزیری ئافرەت هەبوون کە وەزارەتەکانی (ئاوەدانکردنەوە ، کاروباری نیشتەجێکردن )بوون ، هەروەها لە ئیدارەی سلێمانی (٥) وەزیری ژن هەبوون کە وەزارەتەکانی (کاروباری کۆمەڵایەتی ،پەروەردە و خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، مافی مرۆڤ پیشەسازی) بوون.

پاشان لە ساڵی ٢٠٠٦ کابینەی پێنجەم کە بە کابینەی یوکگرتنەوە ناو نرا و هەردوو ئیدارەی سلێمانی و هەولێر بوونەوە بە یەك و ماوەکەی چوارساڵ بوو واتا تا ساڵی ٢٠٠٩ ، لەم کابینەیەدا (٣) وەزیری ژن هەبوون کە بریتیی بوون لە وەزارەتەکانی (شارەوانی و گەشت و گوزار ، کاروباری شەهیدان و ئەنفال کراوان ، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ئافرەتان).

کابینەی شەشەم لە ساڵی ٢٠٠٩ بە پێی ڕێکەوتنێکی سیاسی بۆ ماوەی دوو ساڵ بەردەوام بوو تا ساڵی ٢٠١٢ ، لەم کابینەیەدا سێ حزبی ئۆپۆزسیۆن دروست بوون ، ڕێژەی ژن لەم کابینەیە کەم بۆوە و تەنها (١) ژن هەبوو ئەویش وەزارەتی (کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ) وەرگرت.

پاشان کابینەی حەوتەم دەمەزرا هەر بە پێی ئەو ڕێککەوتنەی کە کابینەی پێشووی پێکهێنا بوو ، بۆ ماوەی دوو ساڵ لە (٢٠١٢ – ٢٠١٤ )، لێرەشدا وەزیرە ئافرەتەکە و وەزارەتەکەی وەك خۆی مایەوە و درێژەی بە کارەکانیدا.

لەو سێ کابینەیەی پێشوودا تارادەیەکی باش خۆشگوزەرانی و ئاوەدانی لە گشت بوارێکدا بەرەو پێشەوە چوو گۆڕانکاریەکی بەرچاو لە هەرێمی کوردستاندا کرا و نەك تەنها لە نێو خۆ بەڵکو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش ڕەنگدانەوەی باشی هەبوو ، پێگەی کوردی بەهێزتر کرد لەو نێوەندەدا.

لەحوزەیرانی ساڵی ٢٠١٤ کابینەی هەشتەم وەك کابینەیەکی بنکە فراوان کە بە پێی ڕێککەوتنێکی سیاسی لە نێو ئەو پارتانەی کە پەرلەمانیان پێکهێنا دامەزرا و تا ئێستا بەردەوامە ، بەڵام پێگەی ژن تێیدا لاوازە و تەنها یەک ئافرەتی وەزیر هەیە کە (وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار ) بەڕێوەدەبات. شایانی باسە لەسەردەمی ئەم کابینەیەدا ، بڕینی بەشە بودجەی هەرێم و شەڕی تیرۆر ڕووبەڕووی کوردستان بۆتەوە و تا ئێستا بەردەوامە.

**لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆشبەختانە ٣ ئافرەت وەک وەزیر دەستبەکاربوون لە وەزارەتەکانی کشتوکاڵ و کارو کاروباری کۆمەڵایەتی و کاروباری پەرلەمان.**

**لە ئاستی پەرلەمانیشدا بۆ یەکەمجار ئافرەت بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان و سکرتاریەتی پەرلەمان دەستنیشانکران.**

## ٤-٢ ڕێژەی ئافرەتانی پلە تایبەت لە نێو دەزگاکانی حکومەت

هەرچەندە سیستمی کۆتا بە ڕێژەی ٣٠٪ بۆ ئافرەتان لە دەزگا تەشریعیەکانی هەرێمدا چەسپاوە ، بەڵام ئەم ڕێژەیە لە دامودەزگا جێبەجێکاریەکاندا ڕەنگدانەوەی نیە ، لەگەڵ ئەوەشدا پێگەی ئافرەت بەلاوە نەنراوە ، بەڵکو لە پۆستە باڵا جیاجیاکاندا وەك ( بریکاری وەزیر ، ڕاوێژکار ، بەڕێوەبەری گشتی ...) لە هەرسێ سەرۆکایەتی ( هەرێم ، پەرلەمان ، ئەنجومەنی وەزیران ) و گشت وەزارەت و دەستە و فەرمانگەکانی حکومەت ڕێژەیەکی ژنان هەن، بریکاری وەزیر لە دوای ساڵ ١٩٩٢ و کابینەیەك لە دوای یەکەکان (٧) وەکیل وەزیری ئافرەت هەبوون بەپێی ئیدارەو سەردەم، بەڵام لە کابینەی شەشەمی حکومەتەوە پلەی بریکار نەماوە، هەروەها ڕێژەی ( ٨٪)ی ئافرەتانی پلە تایبەت لە زۆربەی دامەزراوەکانی حکومەتدا هەن لە یەکە کارگێڕیەکانی پارێزگاکاندا، لە ئێستاشدا یەک بەڕێوەبەری ناحیە و سێ قایمقامی ژن هەن.



## ٥-٢ ڕێژەی ژنان لە نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دەرەوەی وڵات:

پاش پرۆسەی ئازادی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ و بەشداری سیاسی کوردستان لە حکومەتی عێراقی فیدراڵدا و دەنگدان لەسەر دەستووری هەمیشەیی عێراق لە ٢٠٠٥، تا ڕادایەك هەرێم سەربەخۆ بووە لە بەڕێوەبردنی ئیدارەی کوردستاندا ، هەر بۆیەش نوێنەرایەتی خۆی لە وڵاتانی دۆست کردەوە ، بۆ زیاتر ئاشنا بوونی دەوڵەتان بە هەرێم و پشتگیری کردنی مافە ڕواکانی گەلی کوردستان ، نوێنەرایەتی لە (ئەمریکا ، بەریتانیا ، فەرەنسا ، ئیتاڵیا ، ئەڵمانیا ، ئیمارات ، ئێران ،روسیا ، بەلجیکا، نەمسا... ) کردەوە ، لە کۆی ئەم نوێنەرایەتیانە (٤) وڵات ئافرەت بوون ئەوانیش وڵاتانی (بەریتانیا ، فەرەنسا ، ئیتالیا ، ئیمارات)، بەڵام لە ئێستادا تەنها (٢) خانم ماونەتەوە لە (ئەمریکا و ئیتاڵیا).

## سێەم: دەزگاکانی تایبەت بە پرسەکانی ئافرەتان

حکـومەتی هەرێمــی کوردســتان جـگە لە هەمــوارکردن و دانــانی چەنـد یاسـایەك تـایبەت بە بەرژەوەنـدی مافەکـانی خانمـان ، بـۆ بەرز نرخانـدن و پاڵپشـتی کردنـی ڕۆڵ و پـێگەی ئـافرەت لە ڕووی کارگێڕی و چەسپاندن و جێبەجێ کردنـی یاسـاو بەرگـرتن لە تونـدوتیژی و هەوڵـدان بۆچارەسـەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتیەکان و بەگەڕخستنی تواناکانی ژنان و کچان، و یەکسانی نێوان ژن و پیاو و ڕێزگـرتن لە مافەکانی مرۆڤ، لەگەڵ بە ئاگابوون لە بەدیهێنانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و گەشـەپێدان.هەنگـاو بە هەنگاو بە پێی کابینە یەك لە دوای یەکەکان چەند دەزگایەکی تایبەت بە پرسی ئافرەتان تـا ئیسـتا دامەزراون ، سەبارەت بە هەر یەکێکیان کورتەیەك دەخەینە ڕوو:

### ٣-١ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی:

واڵا بوونی کەشی دیموکراتی و ئازادی کاری ڕێکخراوەیی لە دوای ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٩١ بـووە هۆی هەڵکشانی ژمارەی ڕێکخراو و سەنتەر و گروپ ، کە لە کارەکانیاندا ئەزمـوونی باشیان پەیـداکرد و جۆرێك لە پسپۆڕی لە بوارەکانـدا پەیـدا بـوو ، کە هەمیشە وەك گرووپێکـی فشار کاریـان کـردووە بـۆ پێشخستنی ژنان لە گشت بوارەکاندا وەکو ( دانانی یاساکان ، دانانی دامەزراوەکـانی ئافرەتـان ، دانـانی ئافرەتـان لە پـێگەی بڕیـار ...هتـد) و ڕۆڵـی سـەرەکیان بینیـوە لە ئاشتەوایی نێـو کـۆمەڵگە و لە کـاتی ناکۆکی و ململانێ ناوخۆییەکاندا گروپیان پێکهێناوە بۆ سەردانیکردنی پارتەکان و چالاکی جۆراوجۆریان ئەنجامـداوە لە پێنـاو کەمکـردنەوەی تونـدوتیژیەکان و وەسـتانی شـەڕ. هەر بـۆیە دەکرێـت بە پێـی ئامارێکی ساڵی ٢٠١٤ ی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان ڕیزبەندیەکیان بۆ بکەین بەم شێوەیە:

بە کۆی گشتی زیاتر لە (٢،١٤٠) ڕێکخـراو هەن بە پێـی شـوێنی جوگرافیـان پێکـدێن لەم ناوچـانە (هەولێر، سلێمانی، دهـۆك ،کەرکـوك ،هەڵەبـجە ،خـانەقین، شـنگال، کەلار)، ئەم ڕێـژەیە بە پێـی جـۆری ڕێکخراو دابەشکراوە:

- ڕێکخراوی ناوخۆیی (کوردستانی) ( ١٧٦٤ )
- ڕێکخراوی نێودەوڵەتی (بیانی) ( ٩٧ )
- ڕێکخراوی عێراقی (٤٣)
- ڕێکخراوی گونجاندن (٢١١)
- تۆڕی ڕێکخراوەکان (٢٥)

لە نێو ئەو ڕێژەیەدا زیاتر لە (١٥٠) ڕێکخـراو تـایبەتن بە ژنـان و ئافرەتـان کە کـاریگەری و ڕۆڵـی بەرچاویان هەبووە لە پێداگیری کردن بۆ دەرچوونی یاساکان و دامەزرانـدنی دەزگـای تـایبەت بە پرسـی ژنان و بەهێز کردنـی پێگەیـان لە گشـت ناوەنـدەکان و پرۆگرامەکـانی پەروەردە و تەندروسـتی ژنـان و پاراسـتنی ژن لە تونـدوتیژی و... هتـد ، جـگە لەوەی لە کـارو پرۆگرامـی ڕێکخراوەکـانی تـردا بەشـێکیان تایبەتە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی ئافرەتان (*).

## ٣-٢ شەڵتەرەکانی داڵدەدانی ژنان(*):

بۆ بەرەنگاربوونەوەی و توندوتیژیەکان دژبە ژنان و پاراستنیان لە توندوتیژی و ئەزموونی ڕێکخراو و سەنتەر و چالاکوانان بۆچوونێك دروست بوو بە کردنەوەی چەند خانەیەك بۆ پارێزگاری کردن لەو ژنانەی بە هۆکاری جیاجیا هەڕەشەی توندوتیژیان لەسەرە و ناتوانن بگەڕێنەوە نێو خێزانەکانیان، هەر بۆیە بڕیار لە کردنەوەی چەندان پەناگە و شڵتەر لەلایەن حکومەت و ڕێکخراوەکانەوە دراوە ، کە تا ئێستا بەردەوامن ، ئەوانیش بریتین لە :

- شەڵتەری نەوا لە (١٩٩٩/١/٣) لە سلێمانی لەلایەن وادی ئەڵمانی و ڕێکخراوەکانی ژنانەوە کرایەوە و هەر ڕێکخراوەکان کارمەندیان بۆ دابین کردبوو تا لە ساڵی (٢٠٠٢) خرایە سەر وەزارەتی ناوخۆ.
- شەڵتەری ڕێکخراوی سەربەخۆیی ئافرەتان لە ساڵی (١٩٩٩) دامەزرا.
- لانەی ئارام لە ساڵی (٢٠٠١) لەلایەن یەکێتی ژنانی کوردستان دامەزرا.
- ماڵی خانزاد لە (٢٠٠٢/١٢/١٠) لە هەولێر لەلایەن ڕێکخراوی وادی ئەڵمانی و یونیسێف دامەزرا، و ئەنجومەنی ڕێکخراوەکان کارمەند و ئێشکگریان بۆ دابینکردبوو تا ساڵی (٢٠٠٤) ناوەکەی گۆڕا بۆ نەوای هەولێر و لە ساڵی (٢٠٠٨)ی چووە سەر وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی.
- وەزارەتی ناوخۆ لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان ، لە (٢٠٠٨/١١/١٠) شەڵتەرێکی (٧٢) کاتژمێری لە سلێمانی دامەزراند.
- لە ساڵی (٢٠١٤) وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی شەڵتەرێکی (٧٢) کاتژمێری لە گەرمیان کردەوە. بۆ پاراستنی ئافرەتانی ڕزگار بوو لە توندوتیژی هەتا گەیاندنیان بە شەڵتەری سلێمانی پاش لێکۆڵینەوە.

## ٣-٣ بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی:

بە پێی یاسای ژمارە (٣٤) ی ساڵی (٢٠٠٤) لە پەرلەمانی کوردستان ، وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی دامەزرا ،کە لەسەرەتادا بە ناوی وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی کاری دەکرد.

بێگومان ژنانیش وەك هەر مرۆڤێکی ئاسایی تووشی کێشە دەبێت و دەستی بە تاوان دەگات ڕووبەڕووی تاوانی جۆراو جۆر دەبێتەوە جا بە هەر هۆکارێك بێت ، هەر بۆیە یەکێك لە گرنگترین بەڕێوەبەرایەتیەکانی وەزارەتی ناوبراو بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی بوو ، کە بەڕێوەبەرایەتیەکی تایبەتی بە ئافرەتان و نەوجەوانانی تێدا کرایەوە لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم و بەشێکی تایبەتی بۆ ژنان تەرخانکراوە ، لەم بەشەدا جگە پاراستن و گرتنە بەری ڕێکاری یاسایی بۆ ڕزگار کردنی ژنانی بەند کراو ، چەند چالاکی و خزمەتگوزاری بەردەوام پێشکەش بەم بەند کراوانەی ناو ئەم بەشە دەکرێت وەك:

- خزمەتگوزاری تەندروستی و پزیشکی
- دابینکردنی خواردن و خواردنەوە و جلوبەرگ و سەردانیان لەلایەن خێزانەکانیانەوە
- دابینکردنی موچە بۆ ئافرەتانی مەحکومدراو.
- پەرەپێدانی بواری پەروەردەیی بۆ ئافرەتان لە قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی لەناو بەشە چاکسازیەکان بە دابینکردنی مامۆستاو پێداویستیەکانی خوێندن بە هاوکاری وەزارەتی پەروەردە.
- کردنەوەی خولی جۆراوجۆری وەك کۆمپیوتەر و زمان و ڕۆشنبیری و دورومان و ... هتد
- چاودێریکردن و بەدواداچوونی دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکان و جێبەجێکردنیان.

(*) لەسەر داوا و ڕاپۆرتی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان لە ساڵی ٢٠١١ هەموو شەڵتەرەکان خرانە سەر وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، ئێستا چوار شەڵتەر هەیە لە شارەکانی (هەولێر، دهۆك، سلێمانی، گەرمیان) سیانیان هی حکومەتە و یەکێکیش هی ڕێکخراو.

*) تا ئێستا تەنها ئەم ئامارە فەرمییانە هەیە سەبارەت بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

## ٤-٣ بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشە پێدانی کۆمەڵایەتی:

- بە هەمانشێوە ئەم بەڕێوەبەرایەتەش سەربە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتیە ، لە هەرسێ پارێزگاکەی هەرێم و ئیدارەی گەرمیان ئەم بەڕێوەبەرایەتیە لە خزمەتی هاووڵاتیاندایە ، لێرەدا جگە لە داڵدەدانی ژنانی هەڕەشە لێکراو ( شەڵتەرەکان) ، ماڵی خەندە بۆ چاودێری کچانی بێسەرپەرشت کە هەموو جۆرە تەمەنەکان تادەگاتە (١٨) ساڵی گردەگرتووە ، لە ساڵی (١٩٩٧) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری کۆمەڵایەتی لەلایەن وەزارەتی تەندروستی کرایەوە ،پاشان لە ساڵی ( ٢٠٠٤ ) وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی دامەزرا ئەویش بوو بە بەشێك لەو وەزارەتە و بەردەوامە لە چالاکیەکانی . هەروەها دروستکردنی سەنتەری هۆشیاری و چالاکی ئافرەتان ، دامەزراندنی سەنتەری ڕێنمایی دەروونی و کۆمەڵایەتی ، لە ئەستۆ گرتووە.چالاکی ئەم بەڕێوەبەرایەتیە لە خزمەتی ئافرەتاندا بریتییە لە:

- چارەسەر کردنی کێشە کۆمەڵایەتی و دەروونیەکانی ژنانی نێو شەڵتەرەکان
- کردنەوەی خولی جۆراوجۆر بۆ ئافرەتان و منداڵانی سەر شەقام.
- پێشکەش کردنی یامەتی دارایی بۆ هەژاران و کەمدەرامەت کە زۆرینەیان ئافرەتن.
- گەشەدان بە هۆشیاری و ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی و دەروونی ئافرەتان لە ڕێگای کردنەوەی خول و سازدانی سیمینار و وۆرکشۆپ.

## ٥-٣ بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان و خێزان:

لە کابینەی پێنجەم لەسەر بڕیاری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی ناوخۆ لەساڵی (٢٠٠٧) بڕیاری دامەزراندنی (بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچونی توندوتیژی دژی ئافرەتانی) دەرکرد. لە سەرەتادا لە ناو دیوانی وەزارەت بوو،پاشان لە کابینەی شەشەم بە پێی یاسای وەزارەتی ناوخۆ لە ساڵی (٢٠١٠) کرا بەڕێوەبەرایەتی گشتی و لە کابینەی حەوتەم لە ساڵی (٢٠١٢) ناوەکەی گۆڕدرا بۆ (بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان ).

ئەم بەڕێوەبەرایەتیە شەش مانگ جارێك ئامارەکانی توندوتیژی بڵاودەکاتەوە کە ئەم جۆرانەی توندوتیژی تێدا پۆلێن کراوە (کوشتن، خۆکوشتن، سووتان، خۆسوتان، دەستدرێژی سێکسی) جگە لە تۆماری سکاڵاکان. ئەم بەڕێوەبەرایەتیە لە ئێستادا (٦) بەڕێوەبەرایەتی هەیە لە (هەولێر ، دهۆك ، سلێمانی ، گەرمیان ، سۆران ، ڕاپەڕین ) هەروەها (٢٨) نوسینگەی هەیە لە قەزا و ناحیەکان، لە دوای هاتنی ئاوارە و پەنابەرێکی بە لێشاو بۆ شارەکانی هەرێمی کوردستان و کردنەوەی کەمپ بۆیان لە ساڵی ٢٠١٣ تا ئەمڕۆ نوسینگەی تایبەت بە توندو تیژیەکان دژ بە ژنان دانراون لەگەڵ چەندان تیمی گەڕۆك بۆ ناوچە دورەدەستەکان .هەروەها لە هەندێك بەڕێوەبەرایەتیدا سەنتەری ڕاوێژکاری خێزانی کراونەتەوە.

ئەم بەڕێوەبەرایەتیە دوو جۆر میلاکی هەیە:

- **میلاکی سەربازی:** پێکدێت لە (١١٩٢) سەرباز بە پلەی جۆراوجۆر، کە (٨٥٢) نێر و (٣٤٠) مێیە.
- **میلاکی شارستانی:** پێکدێت لە (١٩٩) فەرمانبەر ، کە (٩٢) نێر و (١٠٧) مێیە.

**کارەکانی بەڕێوەبەرایەتی بریتیە لە:**

بەدواداچوون، کۆکردنەوەی ئامار ،وەرگرتنی سکاڵا ، هاوکاری یاسایی و سایکۆلۆژی، گواستنەوەی قوربانی بۆ شەڵتەر،ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی زانستی لەگەڵ زانکۆکانی هەرێم.

## بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان ، پێکدێت لە:

(۱) بەڕێوەبەرایەتی گشتی لە هەولێر
(٦) بەڕێوەبەرایەتی لە (هەولێر، دهۆک، سلێمانی، گەرمیان، ڕاپەرین، سۆران)
(۲۸) نووسینگە
(٥) هۆبە
(۱۲) تیم مۆبایل

ئاماری توندوتیژیەکانی دژی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان
کۆی (۱۰) مانگی ساڵی (۲۰۱۹)

| شوێن | کوشتن | خۆکوشتن | سوتان | خۆسوتان | سکاڵا | سێکسی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | ۱٤ | ۲٦ | ٥۳ | ۲۷ | ۳٦۷۸ | ۳٥ |
| دهۆک | ٦ | ۱٦ | ۲۳ | ۲٤ | ۲۱٤۳ | ۲۱ |
| سلێمانی | ۱۰ | ۱٦ | ۳۸ | ۲۱ | ۲٥٥۸ | ۳٦ |
| گەرمیان | ۰ | ۰ | ۲ | ۰ | ۸۱٦ | ۸ |
| ڕاپەڕین | ۳ | ۳ | ۱٥ | ۸ | ٤٥۳ | ۱۰ |
| سۆران | ۰ | ۲ | ٦ | ۸ | ۲۳٦ | ۱ |
| کۆی گشتی | ۳۳ | ٦۳ | ۱۳۷ | ۸۸ | ۹۸۸٤ | ۱۱۱ |

ئاماری توندوتیژیەکانی دژی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان
کۆی (۱۰) مانگی ساڵی (۲۰۱۸)

| شوێن | کوشتن | خۆکوشتن | سوتان | خۆسوتان | سکاڵا | سێکسی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | ۱۲ | ۱٤ | ٤۷ | ۲۹ | ۲۸۸۸ | ۲۸ |
| دهۆک | ۱٥ | ۱٦ | ۲۹ | ۲۸ | ۲۱۳٦ | ۳٤ |
| سلێمانی | ۱۰ | ۱۰ | ۲٦ | ۱۸ | ۱٥۱۹ | ۳۷ |
| گەرمیان | ۳ | ٤ | ۲ | ۹ | ۸٦۰ | ۱۰ |
| ڕاپەڕین | ۱ | ۷ | ٥ | ۷ | ٤۳۱ | ۱۳ |
| سۆران | ۱ | ۳ | ٦ | ٦ | ۲٤۳ | ٦ |
| کۆی گشتی | ٤۲ | ٥٤ | ۱۱٥ | ۹۷ | ۸۰۷۷ | ۱۲۸ |

| ساڵ | کوشتن | خۆکوشتن | سوتان | خۆسوتان | سکاڵا | سێکسی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ۲۰۱۹ | ۳۳ | ٦۳ | ۱۳۷ | ۸۸ | ۹۸۸٤ | ۱۱۱ |
| ۲۰۱۸ | ٤۲ | ٥٤ | ۱۱٥ | ۹۷ | ۸۰۷۷ | ۱۲۸ |
| جیاوازی۲۰۱۸و۲۰۱۹ | ۹- | ۹+ | ۲۲+ | ۹- | ۱۸۰۷+ | ۱۷- |

ئاماری پەیوەندییەکانی هێلی گەرم

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان

کۆی (١٠) مانگی ساڵی (٢٠١٩)

| پەیوەندیەکان | هەولێر | دهۆک | سلێمانی | کۆی گشتی |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| پێدانی ڕێنمایی و ڕاوێژ | ٨٢٧ | ١٠٨٣ | ٢١٩٧ | ٤١٠٧ |
| هەواڵەکردن بۆ سەنتەری ڕاوێژکاری | ١٥٤ | ٩٨ | ٦٧ | ٣١٩ |
| هەواڵەکردن بۆ نوسینگەکان | ٠ | ١٦٠٠ | ٧٠٣ | ٢٣٠٣ |
| سوکایەتی و بێزارکردنی کارمەندان | ٨٤٠ | ١١٨٥ | ٢٠٩ | ٢٢٣٤ |
| پەیوەندی هەڵە و بێ وەڵام | ٨٥٨ | ٤٨٥ | ١٠٠٦ | ٢٣٤٩ |

## ٣-٦ دەزگای یەکسانی:

لە کۆتا ساڵی کابینەی چوارەمی حکومەتی هەرێم ئەم دەزگایە دامەزرا ،کە سەر بە دیوانی ئەنجومەنی وەزیران بوو ،ماوەی کارکردنی دوو ساڵ بوو ، سیستەمی یەکسانی جێندەری لە نێو کۆمەڵگە و دەزگا فەرمی و نافەرمیەکاندا یەکێك بوو لە کارەکانی ئەم دەزگایە ، هەروەها چەند کۆنفرانسێکی سەبارەت بە پرسەکانی ئافرەتان لە ناوخۆ و دەرەوەی هەرێم ئەنجام داوە(*).

## ٣-٧ نووسینگەی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ژنان و ئافرەتان:

لە کابینەی پێنجەمی حکومەت کە کابینەی یەکگرتنی هەردوو ئیدارەبوو ، ژمارەیەك وەزارەت زیاد کران ، کە یەکێکیان نوسینگەی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ژنان و ئافرەتان بوو ،ئەم نوسینگەیە بەرنامەی کاری داڕتشووە بە پێی نوسراوی ژمارە (٢٥٣) ی (٢٠٠٧/١٠/١٥) دەستی بە کارەکانی کردووە، هەروەها (٨) فەرمانبەری هەبووە کە بە پێی پەیکەری بەڕێوەبردنی نوسینگە کە ئەم بەشانە بوون ( یاسا ، پەیوەندیەکان، هەماهەنگی گشتی ، لێکۆڵینەوەی پرۆژەکان و کاروباری ئابووری ، ڕاگەیاندن ، کارگێڕی ،کاروباری کۆمەڵایەتی ، گەشەپێدانی هەمیشەیی ) .

ئامانجەکانی نوسینگە بریتی بوون لە ، بایەخدان بە ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان لە گشت بوارەکاندا ، بەشدار بوونیان لە هەموو کۆنگرەو کۆنفرانسەکانی تایبەت بە ژنان، پاڵپشتی حکومەتی

(*) هیچ زانیاریەك لەسەر ئەم دەزگایە نەبوو سەبارەت بە کاروچالاکیەکانی ، داوامان لە بەڕێز بەرپرسی ئەو کاتەی دەزگاکە کرد، بەڵام هیچ شتێك لە بەڕێزیانەوە بە دەستمان نەگەیشت.

هەرێم بۆ نەهێشتنی توندوتیژی دژ بە ژنان، هەڵدان بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری لەناو ژنانـدا ، دانـانی پرۆگرامێك بۆ بایەخدان بە دایك و منداڵ لە کۆمەڵگەدا....

ستراتیژی کارکردنی ئەم نوسینگەیە لە (١٠) تەوەر پێکهاتبوون ئەوانـیش (بەرگریکـردن لە مـافی ئـافرەت، بنیاتنـان و ڕاهێنـان، ڕاگەیانـدن ،پەیوەنـدیەکانی دەرەوە ،ئـافرەت و یاسـا ، ئـافرەت لە پـێگەی بڕیاردا ، ئـافرەت و بـاری ئـابووری ، ئـافرەت و ژیـنگە ، ئـافرەت و مەشـقکردن، ئـافرەت و تەندروسـتی ، ئافرەت و گەشە پێدانی دامەزراوەیی)

**هەندێك لەو کارانەی ئەم نووسینگەیە لە ماوەی کارکردنیدا ئەنجامیداوە:**

- چوار پرۆژە یاسا و راسپاردە سەبارەت بە توندوتیژی خێزانی ، هەموارکردنی یاسای باری کەسی، دیاردەی خەتەنە کردنی کچان، زیادکردنی شەڵتەرەکانی داڵدەدانی ژنانی هەڕەشە لێکراو.
- پێشکەش کردنی (٩) پرۆپۆزەلی تایبەت بە کێشەو جۆرەکانی توندوتیژی، خولی ڕاهێنان ،بـواری تەندروستی ژنان وەك شێرپەنجەی مەمك و نەخۆشیە دەروونیەکان و... ، دەرکردنی ڕۆژنامە).
- چـالاکیە کۆمەڵایەتیەکـان: وەك چارەسـەرکردنی کێشـەکۆمەڵایەتیەکان ، هەژاری و سـتراتیژی بەرەنگار بوونەوەی بە هەژاری کردنی ژنان، پرۆژەی هێڵی گەرمی ئاریافۆن.
- کـۆنفرانس و فیسـتیڤاڵەکان: (٤) کـۆنفرانس و فیسـتیڤاڵی ئەنجامـداوە لە بـۆنە تایبەتەکـانی ئافرەتاندا وەك هەفتەی بەرەنگار بوونەوەی توندو تیژی دژی ژنان و (٨)ی مـارس ڕۆژی جیهـانی ئافرەتـان. ئەمـانە و چەنـدان ۆرك شـۆپ کـۆڕو سـیمینار لەسـەر پرسـە کـانی پێگەیانـدن و بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی و بەرەو پێش چونی ڕەوشی ئافرەتان ئەنجامدراوە.

## ٣-٨ ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان:

ئەنجومەنی باڵا کاروباری خانمان،تاکە دەزگای فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە،کە داڕێژەر و وێنـای سیاسەت و ستراتیژی حکومەت دەکات بـۆ پرسـەکانی ژنـان لە گشـت بوارەکـانی ڕامیـاری ،کـۆمەڵایەتی، ئابووری و تواناسازی ئافرەتان. بە پێی برگەی (٣ )لە ماددەی هەشت لە یاسایی ئەنجـومەنی وەزیرانـی هەرێمی کوردسـتان- عیـراق ژمـارە (٣ ) سـاڵی (١٩٩٢) ، لەبەر ڕۆشـنایی بڕیـاری کۆبـوونەوەی ئـاسایی ژمارە (٦) ی ئەنجومەنی وەزیران ، بڕیاردرا بە دامەزراندنی ئەم ئەنجومەنە، کە لە پەیـڕەوی ژمـارە( ١) ی (٢٠١٠ ) دا هاتووە. سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەریمی کوردستان سەرۆکایەتی دەکات. وەزیری وەزارەتەکـانی ( نـاوخۆ ، دارایـی و ئـابووری ،تەندروسـتی ، پەروەردە ، داد ، ڕۆشـنبیری و لاوان ، کاروکاروبـاری کـۆمەڵایەتی ) ئەنـدامی ئەنجـومەنن، ئەمینـداری گشـتی ڕاسـتەوخۆ سەرپەرشـتی کاروبارەکـانی ئەنجـومەن دەکـات، (٦) ئەنـدامی ئەنجـومەنی بە پـلەی بەڕێـوەبەری گشـتی هەیە .لە ٢٠١١/٦/١٥ یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجامدا.

**أ. پرۆژە و ستراتیژیەتەکانی ئەنجومەن:**

١. سـتراتیژیی نیشـتیمانی بەرەنگـاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنـان لە هەرێمـی کوردسـتان ، لە ٢٠١٢/١٠/٢٨ پەسەندکراولە ٢٠١٢-٢١٦ ، درێژکردنەوەی مـاوەی جێبەجێکردنـی بـۆ ٢٠٢٧ . لە هەمـان کاتـدا دانـانی پلانـی سـێکتەری (پەروەردە - تەندروسـتی - کـارو کـۆمەڵایەتی - نـاوخۆ) لە لایەن وەزارەتە کانەوە بۆ دانراوە و لە جێبەجێکردنـدایە، وا بڕیارە پلانی سێکتەری لە وەزارەتەکـانی (خوێنـدنی بـاڵا - داد - ئەوقـاف و کاروبـاری ئـایینی - ڕۆشـنبیری و لاوان) بـۆ دابنرێـت لە سـاڵی داهاتوودا.

٢. پرۆژەی دانـانی بـودجە لەسـەر بنەمـای ڕەچاوکردنـی جـۆری کـۆمەڵایەتی ، لایەنە بەشـداربووەکان : وەزارەتـی پلانـدانان - وەزارەتـی پەروەردە - وەزارەتـی تەنـدروستی - وەزارەتـی شـارەوانی - وەزارەتـی

دارایی - ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان - ئاژانسی ،UNWOMEN . بەهۆی بارودۆخی بوودجەوە ئەم پرۆژەیە هەڵپەسێردرا.

٣. پرۆژەی بەتواناکردنی ژنانی لادێ لە بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان ،لایەنە بەشداربووەکان : وەزارەتی پلاندانان - وەزارەتی پەروەردە - وەزارەتی تەندروستی - وەزارەتی کشتوکاڵ – بە سەرپەرشتی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان - ئاژانسی - UNWOMEN . UNFPA- FAO – UNESCO

٤. پرۆژەی نەهێشتنی دیاردەی خەتەنە ، ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان بەهاوکاری ئاژانسی UNICEF -UNWOMEN ، سەرپەرشتی دەکات و لایەنی جێبەجێکار ئەمانەن ( پەروەردە ، تەندروستی ، ئەوقاف)لەگەڵ چەند رێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنی.

٥. سەنتەری کوردستان بۆ جێندەرناسی لە زانکۆی سۆران ، لایەنە بەشداربووەکان : وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی (زانکۆی سۆران) - ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان - ئاژانسی UNDP -UNWOMEN .

٦. ستراتیژی نیشتیمانی بۆ پەرەپێدانی رەوشی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان . لەلایەن ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان بە هاوکاری لە گەڵ ئاژانسی UNWOMENو پسپۆرانی ناوخۆ و نێودەوڵەتی و بەبەشداری فراوانی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و نوێنەری وەزارەتەپەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم ئامادەکراوە و لە ٢٠١٦/١١/٢٢ پەسەند کرا .

٧. پلانی کاری نیشتیمانی بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری ١٣٢٥ (ئافرەت - ئاشتی - ئاسایش)، ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان و گروپی (INAP) بە هاوکاری UNWOMEN سەرپەرشتی دەکرێت لە هەرێمی کوردستان ، لایەنە بەشداربووەکان لە جێبەجێکردندا بریتین لە وەزارەتەکانی (ناوخۆ ، پەروەردە، پێشمەرگە ،داد ، کاروکاروباری کۆمەڵایەتی، تەندروستی ، فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوە ) ، رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

٨. پلانی گۆڕینی هەڵسوکەوت بەمەبەستی کەمکردنەوەی بەشوودانی منداڵ لە هەرێمی کوردستان ٢٠١٦ ، ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان بەهاوکاری UNFPA سەرپەرشتی دەکرێت، لایەنە جێبەجێکارەکان بریتین لە وەزارەتەکانی (ناوخۆ، پەروەردە، ئەوقاف، تەندروستی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی) لەگەڵ چەند ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنی، بۆ ماوەی سێ ساڵ.

**ب. چالاکییە بەردەوامەکانی ئەنجوومەن:**

- کەمپینی شانزە رۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان لە هەرێمی کوردستان لە ساڵانی ٢٠١١ - ٢٠١٢ - ٢٠١٣ -٢٠١٤-٢٠١٥ – ٢٠١٦ و ساڵانی دواتر بەردەوامە بە نوێکاریەوە.
- کۆنفرانسی نیشتیمانی سەبارەت بە ئاستەنگەکانی جێبەجێکردنی یاساکانی تایبەت بە مافی ژنان لە هەرێمی کوردستان و چارەسەرەکانی و بەردەوام ڕاپۆرتی تایبەت ئامادە دەکرێت بەم پرسە لە ساڵی ٢٠١٣. بە هاوکاری لایەنە پەیوەندیدارەکان ڕێنماییەکان دەچێتە بواری جێبەجێ کردن.
- کۆنفرانسی هەرێمی بۆ چۆنیەتی چالاکردنی ماددەی مافی مرۆڤ و پەروەردەی مەدەنی لە خوێندنگا بنەرەتییەکان بە هاوبەشی لە گەڵ وەزارەتی پەروەردە و رێکخراوەکانی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی لەساڵی ٢٠١٣.
- کارکردن بۆ خوێندنی یاساکانی تایبەت بە مافەکانی ئافرەت لە هەرێمی کوردستان لە فاکەلتییەکانی یاسا لە زانکۆکانی هەرێم بە ڕێگای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە ساڵی ٢٠١٥.

- ئەنجامدانی خولی ڕاهێنان و وۆرکشۆپ و ڕاهێنانی ڕاهێنەران ، بۆ دادوەران و داواکاری گشتی لەسەر هەردوو یاسای باری کەسی و یاسای بەرەنگار بوونەوەی توندوتیژی خێزانی و هەندێك بڕگەو مادەی تایبەت بە ئافرەتان لە یاسای سزادانی عێراقی بە هاوکاری ڕێکخراوە نێودەڵەتییەکان و یەکێتی ئەوروپا بۆ سەروەریی یاسا و ئەنجومەنی دادوەریی و ئاژانسی UNFPA و UNDP، لە ساڵەکانی ٢٠١٣- ٢٠١٤- ٢٠١٥-٢٠١٦ .
- کارکردنی بەردەوام لە گەڵ وەزارەتی تەندروستی و چەند ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنی سەبارەت بۆ نەخۆشیەکانی ژنان وەك هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی نەخۆشی شێرپەنجەی مەمك، خەتەنەکردنی ڕەگەزی مێینە، دەرکردنی نامیلکە و بڕۆشۆری ڕێنمایی تایبەت بە هۆشیاری ئافرەتان لە کاتی دووگیانی و دوای منداڵ بوون ،....هتد.
- واژۆ کردنی پرۆتۆکۆلی لێکۆڵینەوەو بەدیکۆمێنتکردنی دەستدرێژی سێکسی لە کاتی ململانێکاندا لە نێوان ئەنجومەن و قونسڵی گشتی بەریتانیا لە هەرێمی کوردستان ، لە ساڵی ٢٠١٦
- واژۆ کردنی پرۆتۆکۆلی پلانی ١٣٢٥ ی (ئافرەت – ئاشتی – ئاسایش ) لە نێوان وەزارەتەکانی ناوخۆ و کارو کاروباری کۆمەڵایەتی و بەسەرپەرشتی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان و بە هاوکاری UNWOMEN لە ساڵی ٢٠١٦ بۆ ماوەی سێ ساڵ.
- ئامادەکردن و وەڵامدانەوە و بەدواداچونی ڕاپۆرتە نێودەوڵەتیەکان بە بەردەوامی لەسەر دۆسیە تایبەتیەکانی پرسی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان.
- کردنەوەی خولی تایبەت سەبارەت بە پەرەپێدان و چۆنیەتی ڕەنگ دانەوەی یەکسانی جێندەری و تێگەیشتن لە چەمکی جێندەر ناسی بۆ فەرمانبەرانی پلەتایبەت و کارمەندانی دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵانی ٢٠١٥ و ٢٠١٦ و ساڵانی دواتریش بەردەوامی دەبێت.
- بۆ بەدواداچوونی ئاستی جێبەجێ کردنی پرۆژەکان ، پەیوەندی بەردەوام لەگەڵ وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم و ڕێکخراوەکان ڕاپۆرت لەسەریان ئامادە دەکرێت.

## ج. پەیوەندییەکان لە ئاستی نێودەوڵەتی:

- دروستکردنی هێڵی پەیوەندی لەگەڵ کۆمکاری عەرەبی و بەشداریکردنی نوێنەری حکومەتی هەرێم لە کۆنگرە و چالاکیەکاندا.
- بەشداربوون بە فەرمی لە ٥٧مین و ٥٨مین ٦٠مین و ٦١ مین و ٦٢ مین کۆبوونەوەکانی ڕەوشی ئافرەتانی سەر بەنەتەوەیەکگرتووەکان لە نیویۆرك Commission on the Status of Women CSW لە ساڵانی ٢٠١٢ و ٢٠١٣ و ٢٠١٥ و ٢٠١٦و ٢٠١٧
- بەشداربوون لە پەرلەمانی ئەوروپا لە ٢٠١٤/١/٢٩ لە کۆبوونەوەیەکی فراوان دەربارەی ڕەوشی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان و عیراق .
- بەشداربوون بە فەرمی لە گفتوگۆی ڕاپۆرتی لیژنەی سیداو (ڕێکەوتنامەی نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاکاریەك دژی ئافرەتانCEDAW ) کە بۆ یەکەمجار شاندی هەرێمی کوردستان بەشدار بوو لە گفتوگۆکاندا کە لە (٢٠١٤/٢/١٨) لە جنێف ئەنجامدرا. کە ئێستا لە لیژنەی فەرمیداین بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان.

# چوارەم: بواری پەروەردە و خوێندنی باڵا

## ٤-١ پەروەردە:

لەدوای ڕاپەڕین بارودۆخی سیاسی و دارایی هەرێم ناجێگیر بوو کەمەدەرامەتی لە نێو خەڵکدا سەری هەڵدا و هەر بەم هۆیەشەوە زۆربەی قوتابیان وازیان لە خوێندن هێنا و ڕوویانکردە کار کردن ، لەگەڵ ئەوەشدا عەقڵیەتی پیاوسالاری و نا هۆشیاری کۆمەڵگە ڕێگریەکی تری کچان بوو بۆ چوونە بەر خوێندن ، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەتایبەت ڕێکخراوە کانی ئافرەتان بۆ بەرگرتن لەم دیاردە بەربڵاوە ، لە ڕێگەی پلانی پەروەردەیی کە بەگرنگترین توخمی سەرەکی پێشخستنی کرداری پەروەردە دادەنرێت و لەو ڕێگەیەوە دەتوانرێت دوارۆژی بۆ ڕێکبخرێت و لەسەر ئەم بنەمایەش ئاماری ساڵانەی ئەم پێشکەوتنە پەروەردەییانە راست و دروستی بەرنامە و پرۆگرامەکانی خوێندن پێشان دەدەن دابڕێژن و چەند ڕێگەیەکیان گرتەبەر ، لای خوارەوە ئاماژە بە چۆنیەتی بەرەو پێش چوونی ڕەوشی کچان لە بواری خوێندن و پەروەردە دەخەینە ڕوو:

- **پرۆژەی بەرەنگاربوونەوە و نەهێشتنی نەخوێندەواری:**

گەمارۆدانی ڕێژەی نەخوێندەواری لە ڕادەی هەرەکەمی و کارکردن لە پێناو لە ناو بردنی یەکجاری بە دروشمی ( خوێندن بۆ هەمووان ) کە ئامانجی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێم بوو، ئەوە بوو قوتابخانەی نەوجەوانان و بنکەی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە پاش ساڵی (١٩٩١) کرایەوە کە بە ڕێژەی( ٥٥،٤%) ئافرەت تێیدا بەشدارو سوودمەند بوون ، تا ساڵی (٢٠٠٤) ئەم خولی نەهێشتنی نەخوێندەواریە بەردەوام بوو و ئەنجامێکی ئەرێنی بەدەست هێنا.

- **کردنەوەی خوێندنی خێرا:**

خوێندنی خێرا سستەمێکی نوێ بوو کە وەزارەتی پەروەردە لە دوای ساڵی (٢٠٠٤) پەیڕەوی کرد ، بۆ ئەو قوتابیانەی کە دابڕابوون لە خوێندن و تەمەنیان گەورەیە و لە کاتی خوێندنی ئاسایی ناتوانن بخوێنن دانرا ، لەم سستەمەی خوێندندا بۆ ساڵی (٢٠١٥-٢٠١٦ ) کۆی گشتی قوتابیانی کچ لەسەرتاسەری هەرێم بریتیبووە لە (٢٥٠٦) کچ .

- **زیادکردنی ژمارەی باخچەی منداڵان:**

لەساڵی (١٩٩١) باخچەی ساوایان یەکجار کەم بوو تەنها لە شارە گەورەکان چەند دانەیەك هەبوون ، لە کاتێکدا دەبوایە هێندە قوتابخانەی سەرەتایی بوایە ، چونکە ئەم قۆناغە منداڵ فێری زانیاریە سەرەتاییەکان دەکات و ئامادەیان دەکات بۆ قۆناغی سەرەتایی، کارێکی ئاسان نەبوو ئەم دوو ژمارەیە هاوسەنگ بکرێن واتا (٤٤) باخچەی ساوایان بەرامبەر بە (٥٥٨) قوتابخانە بوو ، بەڵام ئێستا ژمارەی باخچەی منداڵان بریتیە لە (٥١٧) باخچە. ژمارەی منداڵانی کچ بۆ ساڵی (٢٠١٥ – ٢٠١٦ ) بریتی بوو (٦٠٩٩٦٦) کچ بوون.

- **زیاد کردنی ژماری قوتابخانەی کچان:**

لە ڕوانگەی بایەخدان بە چوونە بەرخوێندنی کچان و زیاد کردنی قوتابخانەی تایبەت بە کچان لەسەرتاسەری هەرێم ، هەرچەندە بە شێوازی ستانداردی عالەمیش نەبووبێ ، بەڵام توانراوە ڕێژەی قوتابخانەکان زیاد بکرێت بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە:

خشتەی ژمارە (٢)

ژمارە قوتابخانەکانی کچان بەپێی ساڵانی خوێندن

| ساڵانی خوێندن | ژمارەی قوتابخانە |
|---|---|
| ٢٠١١ – ٢٠١٢ | ٣٥٧ |
| ٢٠١٢ – ٣٠١٣ | ٥٤٨ |
| ٢٠١٣ – ٢٠١٤ | ٥٦٣ |
| ٢٠١٤ – ٢٠١٥ | ٥٧٥ |
| ٢٠١٥ – ٢٠١٦ | ٦٣٦ |

### • هەوڵدان بۆ زیاد کردنی ڕێژەی کچان لە خوێندندا:

وەزارەتـی پەروەردە هەردەم لە هەوڵـدا بـووە بـۆ بە دیهێنـانی یەکسـانی ڕەگەزی لە بـواری خوێندنـدا لە ڕێگای ( قوتابخانەی تایبەت بە کچان ، خوێندنی خێرا ، خولی نەهێشتنی نەخوێندەواری ...هتد) ،لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر بە پێی پێویستیش نەبووبێ و نەتوانرا ببێت سەرنجی کۆمەڵگا بە گشتی و کچان بەتایبەتی ڕابکێشێت ، هەروەها بە ڕێژەی یەکسان بەشداری کچان لە خوێندن بە بەراورد لەگەڵ کوڕانـدا هێشتا بەدی ناکرێـت ، بەڵام بە ڕادەیەکی باش هاتۆتە پێش و هەوڵەکانیش بەردەوامن :

نەخشەی ژمارە (٣)

ڕێژەی بەشداربوونی کوڕان و کچان لە خوێندن

| ساڵی خوێندن | ڕێژەی کوڕ | ڕێژەی کچان |
|---|---|---|
| ١٩٩٦ – ١٩٩٧ | %٥٦,٧٠ | %٤٣,٢٠ |
| ١٩٩٧ – ١٩٩٨ | %٥٥,٧٠ | %٤٤,٢٠ |
| ١٩٩١ – ١٩٩٩ | %٥٤,٥٠ | %٤٥,٤٠ |
| ١٩٩٩ – ٢٠٠٠ | %٥٤,١٠ | %٤٥,٨٠ |
| ٢٠٠٠ – ٢٠٠١ | %٥٢,٠٨ | %٤٧,٩٢ |
| ٢٠١٥ – ٢٠١٦ | %٥٢,٠٥ | %٤٧,٩٤ |

## ٤-٢ خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی:

لە هەرێمی کوردستاندا لە پاش ڕاپەڕین تەنها زانکۆی سەڵاحەدین و چەند پەیمانگـایەك هەبـوو لە نێو سەنتەری شارەکاندا ، بەڵام لەدوای زۆر بوونی دانیشتوان و زیاد بوونی خواستەکانی خوێنـدن و ئـاوەدانکردنەوەی کوردسـتان ژمـارەی زانکـۆ و پەیمانگـا زیـادی کـرد بە شـێوەیەك لە هەر شـارێك و شارۆچکەیەك زانکۆ و پەیمانگای تایبەت بە خۆی هەیە ، تا ئێستا (١٤) زنکۆی حکومی هەیە لە هەرێـم جگە لە چەندان زانکۆی ئەهلی و زانکۆی پرۆفیشناڵی نێودەوڵەتی هەن، لەم نێوەندەشدا ڕێژەی قوتـابی کچ هاوشێوەی ڕێژەی قوتابی کوڕە لە خوێندندا ، هەروەها لە سەر ئاستی ماجستێر و دکتۆرا ژمـارەیەکی بەرچاو ی ڕەگەزی مێ هەیە لە گشت بوارەکانـدا ، ژمـارەی سـەرۆك بەش و ڕاگـر لە زانکۆکـان بە کـۆی گشتی (٨٣ ) ئافرەتن هەروەها ژمارەی مامۆسـتایان بە پێـی پـلەی زانسـتی بـریتیە (٢٩٨٣) ژن ، کە بە پێی کۆتا ئاماری ساڵی (٢٠١٦ -٢٠١٧ ) لەم خشتەیەی خوارەوەدا ڕێـژەی مامۆسـتای مـیلاك و سـەرۆك بەشەکان و ڕاگرەکان دەخەینە ڕوو:

**خشتەی ژمارە ( ٤)**

**ژمارەی سەرۆك بەش و ڕاگری زانکۆ حکومیەکان لە ڕەگەزی مێ**

| ژ | زانکۆکان | سەرۆک بەش | ڕاگر | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | زانکۆی سەلاحەدین/هەولێر | ٨ | ١ | ٩ |
| ٢ | سلێمانی | ٦ | ٤ | ١٠ |
| ٣ | دهۆك | ٨ | ٢ | ١٠ |
| ٤ | کۆیە | ٣ | ٠ | ٣ |
| ٥ | هەولێری پزیشکی | ٢ | ١ | ٣ |
| ٦ | سۆران | ٢ | ٠ | ٢ |
| ٧ | پۆلیتەکنیکی هەولێر | ١٨ | ١ | ١٩ |
| ٨ | پۆلیتەکنیکی سلێمانی | ١١ | ٠ | ١١ |
| ٩ | پۆلیتەکنیکی دهۆك | ١٠ | ٠ | ١٠ |
| ١٠ | گەرمیان | ٠ | ٠ | ٠ |
| ١١ | هەڵەبجە | ٠ | ٠ | ٠ |
| ١٢ | زاخۆ | ١ | ٠ | ١ |
| ١٣ | ڕاپەڕین | ٣ | ١ | ٤ |
| ١٤ | چەرمۆ | ١ | ٠ | ١ |
| ١٥ | کۆی گشتی | ٧٣ | ١٠ | ٨٣ |

**خشتەی ژمارە (٥ ) ژمارەی مامۆستایانی ڕەگەزی مێ بە پلەی زانستی**

**(٢٠١٦ – ٢٠١٧)**

| زانکۆکان | دکتۆرا | | | ماستەر | | | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | پرۆفیسۆر | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | مامۆستا | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | مامۆستا | مامۆستای یاریدەدەر | |
| سەلاحەدین/هەولێر | ٩ | ٥٨ | ١٢٨ | ٢٥ | ٦٨ | ٥٢٣ | ٨١١ |
| سلێمانی | ٥ | ٦٢ | ١٦٩ | ١٤٠ | ٥٦ | ٣٠٩ | ٧٤١ |
| دهۆك | ٨ | ٣٠ | ٥٧ | ١٣ | ٤٦ | ٣٣٥ | ٤٨٩ |
| کۆیە | ٠ | ٩ | ٢١ | ١ | ١١ | ٤٢ | ٨٤ |
| پزیشکی هەولێر | ٥ | ٣٠ | ٦٧ | ٣ | ٢٥ | ٩٥ | ٢٢٥ |
| سۆران | ١ | ٢ | ٦ | ٠ | ٤ | ٤٤ | ٥٧ |
| پۆلیتەکنیکی هەولێر | ١ | ١ | ١٤ | ٣ | ١٢ | ١٣١ | ١٦٢ |
| پۆلیتەکنیکی سلێمانی | ٠ | ١ | ١٣ | ١ | ٦ | ١١١ | ١٣٢ |
| پۆلیتەکنیکی دهۆك | ٠ | ٠ | ٦ | ٠ | ٢ | ٣٥ | ٤٣ |
| گەرمیان | ١ | ٢ | ٧ | ٠ | ١٠ | ٣٣ | ٥٣ |
| هەڵەبجە | ٠ | ٠ | ١ | ٠ | ٠ | ١٣ | ١٤ |
| زاخۆ | ٢ | ٦ | ١٢ | ٠ | ٩ | ٨٤ | ١١٣ |
| ڕاپەڕین | ٠ | ١ | ٤ | ٠ | ٠ | ٢٤ | ٢٩ |
| چەرمۆ | ٠ | ١ | ٦ | ٠ | ٢ | ٢١ | ٣٠ |
| کۆی گشتی | ٣٢ | ٢٠٣ | ٥١١ | ١٨٦ | ٢٥١ | ١٨٠٠ | ٢٩٨٣ |

١.  کۆلیژی پەرستیاری:
کردنەوەی کۆلیژی پەرستیاری لە ساڵی ٢٠٠١، هەروەها کردنەوەی بەشی مامانی لەم کۆلیژەدا لە ساڵی ٢٠١٢ بە مەبەستی زیاتر برەودان بە پسپۆڕی لەدایکبوون و منداڵان بە بڕوانامەی باڵا.

٢.  پرۆژەی تواناسازی قوتابیان:
جگە لەم لایەنە پێشکەوتووەی کچان و ژنان وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی پرۆژەی تواناسازی جێبەجێ کرد لە ساڵی ٢٠١١ تا ئێستا بەردەوامی هەیە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و توانای قوتابیان کە نێردرانە زانکۆ پێشکەوتووەکانی وولاتانی جیهان کە ژمارەیەك قوتابی سوودمەند بوون لەم پرۆژەیەدا و ڕێژەیەکی زۆر قوتابیانی کچ لەو سوودمەندانە بوون.

٣.  سەنتەری توێژینەوەو فێرکردن:
کردنەوەی سەنتەری توێژینەوەو فێرکردن بۆ تەندروستی ئافرەتان لە ساڵی ٢٠١٦ کە تاکە سەنتەری ئەکادیمییە جەخت لەسەر تەندروستی ژنان دەکاتەوە.

# پێنجەم: بواری تەندروستی

لەناوەراستی حەفتاکانی سەدەی رابردوو خزمەتگوزاری تەندروستی وەچەخستنەوە لەچوارچێوەی چاودێری دایکان و منداڵان دەستی پێکردو ئەو چاودێرییەش پەیوەست بوو بە تۆمارکردنی ئافرەتە دووگیانەکان و پێوانەکردنی کێش و بارستەو فشاری خوێن و بەدواداچوونی دووگیانی و پێدانی ڤیرۆڤۆلیك، کە تەنها لە بنکەکانی خۆپارێزی پێشکەش دەکرا، لە سەرەتای هەشتاکانیشدا یەکەکانی چاودێری لە دوو بنکەی دیکە زیادکران، هەروەها پێکوتەی گزازیش بۆ ئەو خزمەتگوزارییانە زیادکرا،

پێدانی چارەسەری بۆ دووگیان و منداڵەکانی لە چوارچێوەی پسوولەیەکی بەخۆڕایی وەك هاندانێك بۆ ژنانی دووگیان بۆ سەردانیکردنی بەردەوامیان بۆ یەکەکانی چاودێریی بەم شێوەیە بووە:

١- ژمارەی یەکەکان لە ناو شارەکان و کەرتەکانی تر لە هەولێر لەساڵی ٢٠٠٤ گەیشتە ٤٠ بنکە، دواتر بووە ٧٨ یەکەی چاودێری کە لەلایەن پزیشکانی ئافرەت بەڕێوەدەبرێت لە نێویشیاندا هەردوو بنکەی چاودێری نەخۆشخانەی هەریری گشتی و نەخۆشخانەی شەقڵاوەی هاوڕێی منداڵان. بەڵام ژمارەی بنکەکان بەشێوەیەکی گشتی لە هەرێمدا لە ساڵی ١٩٩١ (١٧٨) بنکە بوو لە ساڵی ٢٠٠٠ (٥٧١) بنکەو لە ساڵی ٢٠١٦ (٩٦١) بنکە.

خشتەی ژمارە (٦ ) :سەردانەکانی دایکانی دووگیان بۆ بنکەکان






١. **خزمەتگوزاری رێکخستنی خێزان**

ئەم خزمەتگوزاریانە لە هەشتاکانی سەدەی رابردوو دەستی پێکرا لە چوارچێوەی کۆمەڵەی رێکخستنی خێزانی عێراقی و لە نەخۆشخانەی لەدایك بوون و منداڵان پێشکەش دەکرا، پاشان وەستا (دیارنیە لەکام ساڵ بوو)، بەڵام دووبارە ئەم خزمەتگوزارییانە لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٤ دەستی پێکردەوە لە ٣ بنکەی تەندروستی لە هەولێر لەسەر ئاستی هەرێمیشدا لە ساڵی ٢٠١٠ (٢٢) بنکە هەبوو و لەساڵی ٢٠١٦ بووە (٢٨) بنکە.

٢. ژمارەی نەخۆشخانەکانی پسپۆریی ئافرەتان و لەدایك بوون لە ساڵی ٢٠٠٩ (٨) نەخۆشخانە بوو لە ساڵی ٢٠١٦ بووە (١٣) نەخۆشخانە سەرەرای نەخۆشخانەی گشتی کە قاوشی لەدایك

بوونی تیدایە لەگەڵ بنکەی تەندروستی قاوشی لەدایک بوونی تێدایە.هەروەها چەندان کردنەوەی نەخۆشخانەی لەدایك بوون و منداڵ لەلایەن کەرتی تایبەتەوە .

٣. پرۆگرامی چاودێری منداڵانی تازە لەدایك بوو:

ئەم پرۆگرامە خزمەتگوزاری پێشکەش بە ئافرەتانی دوو گیان و ئافرەتە شیردەرەکان و منداڵانی تازە لەدایك بوو دەکات لە کەمپەکان لەوەتەی ساڵی ٢٠١٤ ەوە تا ئێستاش بەردەوامە ، کە تیایدا سەردانی دوو گیانەکان دەکرێت لەلایەن خۆبەخشە تەندروستیەکان و راوێژی پێویستیان پێشکەش دەکرێت و لە کاتی پێویست ئیحالەی نەخۆشخانە دەکرێن، هەروەها سەردانی دایکان و منداڵان دەکرێت لە دوو هەفتەی یەکەمی تەمەنی جگەرگۆشەکان و بەدوای هەر حاڵەتێکی مەترسی دەگەڕێن نەوەك هەبێت لە دایکان و منداڵاندا.

٤. پرۆگرامی رۆشنبیریی تەندروستی بۆ کەمکردنەوە ریژەی خەتەنکردنی مێیەنە کە لە ساڵی ٢٠١٠ دەستی پێکردووە لە چوارچێوەی رێکخراوی تەندروستی جیهانی و یۆنیسێف لە ساڵی ٢٠١١ رێژەکە (٢٣%) بوو و رێژەی کچانی کەمتر لە تەمەنی ٢٠ ساڵی لە سەر ئاستی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٥ بە گوێرەی رووپێویك کە لەلایەن یۆنسێف و چەند رێکخراوێکی تر ئەنجامدرا بۆ ١٠,٧% دابەزی بەهۆی پرۆگرامی رۆشنیریی و هۆشیاری لە مەترسیەکانی خەتەنەکردنی مێینە لە رێگەی بنکە تەندروستییەکان و دەزگاکانی راگەیاندن و هەروەها دەرچوونی یاسای ژمارە ٨ی ساڵی ٢٠١١ کە لە برگەیەکدا رێگە لە خەتەنەکردنی مێینە دەگرێت.

خشتەی ژمارە ( ٧ )

پرۆژەی هۆشیارکردنەوەی سەبارەت بە خەتەنەکردنی مێینە لە ١٠ بنکەی تەندروستی ساڵی ٢٠١٥ :

| بنکەی تەندروستی | ژمارەی ئەو کەسانەی سەردانی بنکەکەیان کردووە | ژمارەی دایکانی خەتەنەکراو | ژمارەی کچانی خەتەنەکراو | ئەو دایکانەی پشتگیری خەتەنە دەکەن | ئەو دایکانەی دژی خەتەنەن |
|---|---|---|---|---|---|
| شەهیدان | ١٨٨ | ١٠٦ | ٣ | ٧ | ١٦٧ |
| کوردستان | ٧٦٥ | ٥٢٠ | ٠ | ٠ | ٧٦٥ |
| محەمەد باجەلان | ٢٢٤ | ١٠٩ | ٠ | ٠ | ٢٢٣ |
| نازدار بامەڕنی | ١٣٩ | ٦٣ | ٨ | ٨ | ١٣٢ |
| سەرکارێز | ٤٦٧ | ٣٢٩ | ٦ | ٤ | ٤١٢ |
| کەور گۆسك | ١٠٤ | ٧٠ | ٨ | ٥ | ٩٩ |
| خوا کورك | ٣٠٨ | ٢٣١ | ٠ | ٠ | ٣٠٨ |
| دارەتوو | ٤٩٦ | ٣٩٣ | ٤ | ٢٥ | ٤٧١ |
| ڕاژان | ١٧١ | ٩٤ | ٠ | ٠ | ١٥٤ |
| کەسنەزان | ١٦١ | ١١١ | ٩ | ١٠ | ١٣٨ |
| کۆی گشتی | ٣٠٢٣ | ٢٠٢٦ | ٣٨ | ٥٩ | ٢٨٦٨ |

٦- پرۆگرامی بەرنگاربوونەوەی توندتیژی لە ساڵی ٢٠٠٧ دەستی پێکرد لە ڕێگەی پاڵپشتی ڕێکخراوەکان بۆ کارکردن لەم بوارەدا و سەرەتاکەشی بریتی بوو لە هۆشیاری دەرباری جێندەر و ئەو کاریگەریانەی توندوتیژی دەیکاتە سەر ئافرەتان بە تێپەربوونی ساڵەکان.

- دەست نیشانکردنی ١٢ بنکەی تەندورستی لە هەر پارێزگایەك بۆ پێشوازیکردن لە رزگاربووان و راهێنانی زیاتر لە ٦٠%ی کارمەندان.
- کردنەوەی بنکەی تایبەتی بۆ پێشوازیکردن لە حاڵەتەکانی توندوتیژی لە دهۆك و یەکێکی تر لە حاڵەتی جێبەجێکردن دایە لە هەولێر و لە پرۆژەدایە بنکەیەکی تر لە سلێمانی جێبەجێ بکرێت.
- راهێنانی دەیان نوژدار دەربارەی پێشوازیکردن و چارەسەرکردنی رزگاربووان لە نەخۆشخانەکانی فریاکەوتن – ئافرەتان و منداڵ بوون – پزیشکی دادی – کەمپەکان
- ئامادەکردنی بەڵگەی زانستی و کرداری بۆ پێشوازی و چارەسەری رزگاربووان هەروەها بەڵگەکان سەبارەت بە توندوتیژیی.
- دەستپێکردنی پرۆگرامی پەرەپێدانی توانای کۆکردنەوەی بەڵگە لە پزیشکی دادی تایبەت بە حاڵەتەکاتی توندوتیژی و کوشتن.

١ - کردنەوەی بنکەکانی پزیشکی خێزانی کە بایەخ بە تەندروستی خێزان و بەدواداچوونی دەدات لە نێوانیشیاندا ژنان کە بەرپرسی یەکەمن لە نێو خێزاندا، لە ساڵی ٢٠١٠ ژمارەی بنکەکان (٣) بنکە بوو لە ساڵی ٢٠١٦ بووە (٥) بنکە.

٢ - جێبەجێکردنی کەمپینەکانی هۆشیاری هەمەجۆر دەرباری تەندروستی ژنان وەك هاوسەرگیریی پێشوەخت و بایەخدان بە ئافرەتی دووگیان و دۆزینەوەی پێشوەختەی شێرپەنجەی مەمك...

٣ - دۆزینەوەی پێشوەختەی شێرپەنجەی مەمك لە ڕێگەی بنکە تەندروستییەکان کە ژمارەیان ١٧ بنکەیە و لە ساڵی ٢٠٠٥ دەست بەکاربوون و لە ساڵی ٢٠١١ بنکەی پسپۆڕی پشکنین و ئاشکراکردنی پێشوەختەی شێرپەنجەی مەمك لە هەر پارێزگایەك کرایەوە.

٤ - بە مەبەستی هۆشیارکردنەوە و نیشانکردن و چارەسەرکردنی شێرپەنجەی مەمك ، سەنتەری هۆشیاری مەمك لە پارێزگای سلێمانی لە ساڵی ٢٠٠٧ دامەزرا ، هەروەها دامەزراندنی نەخۆشخانەی هیوا تایبەتە بە چارەسەرکردنی نەخۆشیەکانی شێرپەنجە لە پاریگای سلێمانی، دامەزراندنی بەشێکی تایبەت بە نەخۆشیە کانی شێرپەنجە لە نەخۆشخانەی ئازادی لە پارێزگای دهۆك، کردنەوەی نەخۆشخانەی نانەکەلی بۆ نەخۆشیەکانی شێپەنجە لە پارێزگای هەولێر، دامەزراندنی سەنتەری پشکنین و چارەسەرکردنی شێرپەنجەی مەمك لە ساڵی ٢٠١٧ لە پارێزگای هەولێر، پشکی سەرەکی لەم شوێنانە بۆ چارەسەری نەخۆشیەکانی شێرپەنجەی مەمك بە تایبەتی و نەخۆشیەکانی شێرپەنجەی ڕەحم و منداڵدان بەگشتی لە خۆ دەگرێت.

٥ - پشكنینەكانی بەر لە هاوسەرگیریی ژمارەیان (٣٠) بنكەیە لە هەرێم، ساڵی ٢٠٠٨ بنكەی پسپۆری پشكنینەكانی بەر لە هاوسەرگیریی لە هەر پارێزگایەكدا كرایەوە.

٦ - ڕێژەی لەدایك بوون لە ناو نەخۆشخانەكان لە ساڵی ٢٠٠٥ (٦٧,٨%) بوو لە ساڵی ٢٠١١ بۆ (٨٤,٩%) بەرزبووەوە.

٧ - جێبەجێكردنی ستراتیژیەتی تەندروستی دایك و منداڵ ٢٠١٣-٢٠١٧

٨ - پرۆگرامی پشكنینی منداڵدان ٢٠١٤

٩ - پرۆگرامی چاودێریكردنی مردنی دایكان لە ڕێگەی لیستی ئامادەكراو بۆ وەفاتنامە لە ساڵی ٢٠١٤.

فەرمانبەرانی وەزارەتی تەندروستی لەسەر هەموو ئاستەكان

| نێر | مێ | كۆی گشتی |
|---|---|---|
| ٢٧١٣٤ | ٢٢٣٦٩ | ٤٩٥٠٣ |

كۆی گشتی فەرمانبەران لە هەموو پارێزگاكان

| شار | مێ | نێر | كۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| هەولێر | ٢٤٣٢ | ٤٥٦٧ | ٦٩٩٩ |
| سلێمانی | ١٤٣٥ | ٩٢٣ | ٢٣٥٨ |
| دهۆك | ٧٦٥ | ١٦٢٩ | ٢٣٩٤ |
| هەڵەبجە | ٢٠٥ | ٢٧٨ | ٤٨٣ |
| ڕاپەڕین | ٢٢٧ | ٣٥٤ | ٥٨١ |
| كۆیە | ١٧٦ | ٣٣٢ | ٥٠٨ |
| گەرمیان | ٤٥١ | ١٦٧ | ٩١٤٨ |
| | ٥٦٩١ | ٨٢٥٠ | ١٣٩٤١ |

## شەشەم: بواری کۆمەڵایەتی

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ساڵانی دوای ڕاپەڕین ، بەهۆی داب و نەریت و کلتووری داسەپاوی کۆنەپەرستی هێشتا باڵی بەسەر کۆمەڵگەی کوردیدا کێشابوو ، کە قوربانی سەرەکی ئەو کلتوورەش کچان و ژنان بوون ، کە لە گشت ئەو بەشانەی پەیوەستن بە پێشکەوتنی کۆمەڵگاوە بێبەش کرابوون کە ژمارەیان بە پەنجەکانی دەست دەبژێردرا وەك ( میدیا ، وەرزش ، هونەر ...هتد) هۆکاری سەرەکیش لە بەشدار نەبوون کچان لەم بوارانەدا دیادە نەشازەکانی کۆمەڵگا بوون وەك ( زوو بە شوودان و گەورە بە بچوك و ژن بەژن و نەخستنە بەرخوێندن و فێرکردن) ، بەو هۆیەی کە شەرمە کچ کۆرانی بیێژێت یا موزیك بژەنێت یا ببێتە وەرزش کارێکی بەناوبانگ یا لەسەر شاشەکانی تلفزیون دەربکەوێت ، وا شیکاری بۆ دەکرا کە تەنها ئەم پیشانە بۆ ڕەگەزی نێر ڕەوا بوو ، بەڵام ئێستا ئافرەتان ئەو قۆناغەیان پێپەڕاندووە و بە ڕێژەیەکی باش لە گشت ئەو بوارانەدا بەرەو پێش چوون ، هەندێکیان دەتوانین بە ئامار ئاماژەی پێبدەین:

### ٦-١ ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن:

لە بواری ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندندا ، بە هەرسێ جۆرەکەیەوە (بینین و بیستن و نوسین ) لە سەرەتای ڕاپەرینەوە بە ڕێژەیەکی کەم ژن دەنگ و ڕەنگیان هەبوو بە تایبەتی لە ڕاگەیاندندا واتا لە (تەلەڤزیۆن و ڕادیۆ )دا ، بەڵام دەکرێت بڵێین هەندێك نووسەری ئافرەت هەبوون کە نووسینەکانیان زیاتر کۆمەڵایەتی بوون ،لەگەڵ ئەوەشدا ووتارەکانیان بۆ ئەو سەردەمە کاریگەر بوون و زیاتریش بابەتەکانیان لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ڕێکخراوەکاندا بڵاو دەبۆوە ، هەنگاو بە هەنگاو لە ڕووی ڕۆژنامەوانیەوە ڕۆڵی کچان و ژنان کەوتە بەرچاو و ئەو بارە ڕەخسا بۆ ئافرەتان ئەزموونی تواناکانی خۆیان بخنە گەڕ ، ئەمەش لە ڕێگای مەکتەبی ڕاگەیاندنی حزبەکان و ڕێکخراوەکان هەست بەو کەلێنە کراو زەمینە خۆشکرا و خولی ڕۆشنبیری و خولی ڕاهێنان بە بێ جیاوازی ڕەگەزی دەکرایەوە و گەنجان سوود مەند دەبوون تێیدا ، هەروەها کردنەوەی تەلەڤزیۆن و ڕادیۆ ناوخۆییەکان ڕووی لە زیادی کرد و ئافرەتانیش بوونە خاوەن پشك لەم بوارەدا ، دەکرێت بڵێین لە دوای ساڵانی (٢٠٠٠ )ڕۆژ بە ڕۆژ ڕووی لە زیاد بوون کردووە لە هەموو جۆرەکانی ڕاگەیاندن بە تایبەتی کردنەوەی بەشی ڕاگەیاندن لە پەیمانگا تەکنیکیەکان لەسەرەتادا ، پاشان هەمان بەش لە زانکۆی ئەدەبیات فراوانتر کراو ئارەزووی کچان بۆ خوێندن لەم بەشەدا زیادی کرد. لە ئێستادا لە کەناڵە ئاسمانیەکان و ڕۆژنامە و گۆڤارەکان نوسەر و ڕۆژنامەنوس و ڕاگەیاندنکاری پرۆفیشناڵی ئافرەت دەبینین کە بۆتە جێگای خۆشحاڵی هەموو لایەك .بە پێی ئامارێکی ساڵی (٢٠١٧) سەندیکای ڕۆژنامە نوسانی کوردستان ڕیزبەندی پێگەی ژن دەکەین بەم شێوەیە:

خاوەن ئیمتیازی ڕۆژنامە (١٣) ژن ، سەرنووسەری ڕۆژنامە (١٧) ئافرەت، خاوەن ئیمتیازی گۆڤار(٣٦)، سەرنووسەری گۆڤار (٥١) ژنن. هەروەها کۆی گشتی ڕۆژنامەنوس و ڕاگەیاندنی ئافرەت لە هەرێمی کوردستان بریتین لە (١٥٠٠) کەس بە ئەندامی بەشدار و ئەندامی کاراوە . بە پێی پەیڕەوی سەندیکا لە دەستەی کارگێڕی هەموو لق و نوسینگەکانیان (٢) ئافرەت ئەندامی دەستەن ، هەروەها لە دوای کۆنگرەی کۆتاییان ،ئافرەتان بوونە بەرپرسی لقی دهۆك و خانەقین. هەر لەناو سەندیکا لە

ساڵی (٢٠٠٨) لیژنەیەکیان پێکهێنا بۆ پشتیوانیکردنی ڕۆژنامە نووسانی مێینە ، کە ڕاستەوخۆ سەر بە ئەنجومەنی سەندیکایە.لە ساڵی ١٩٩٢ تا ئێستا چەندان ڕۆژنامە و گۆڤار و ڕادیۆ دامەزراون کە تایبەت بوون بە پرسەکانی ژنان و ئافرەتان دەور و کاریگەری خۆیان هەبووە بە پێی سەردەم و کاتی دەرچوونیان ،کە هەندێکیان ئێستاش بەردەوامن هەندێکیشیان نەماون . {نزیکەی (٣١) ڕۆژنامە ، (٣٩) گۆڤار ، ( ٤) ڕادیۆ} زۆربەی زۆری ئەم بڵاوکراوە و ڕادیۆیانە لەلایەن ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتانەوە دانراون ، دەستەی بەڕێوەبردن و سەرپەرشتیاریان زۆر بەیان کادری چالاکی ئافرەت بوون و چالاکوانی مافەکانی مرۆڤ و ژنان بوون.

## ٦-٢ وەرزش:

لە هەرێمی کوردستاندا دوو دەزگای تایبەت بە وەرزش هەیە کە بریتین لە ( بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان ، لە هەر یەکێکیاندا ئافرەتان ڕۆڵی خۆیان دەبینن بەم شێوەیە:

### ١ -بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش:

لەم بەڕێوەبەرایەتیەدا (٣ ) یانەی ئافرەتانی سەرەکی هەیە کە سەرۆکەکانیان ژنن و سەر بە دیوانی بەڕێوەبەرایەتی گشتین ، هەروەها لە (١٥) یانە کە لە بوارەکانی ( تۆپی دەست ، بالە و باسکە ، گۆڕپان و مەیدان ، تۆپی سەرمێز ، شەترەنج ، تۆپی فود ساڵ ، یاری سیانی ، پایسکل سواری ، بەرزکردنەوەی قورسایی ) بەشێکی تایبەت بە کچان هەیە، کە لە هەریانەیەك زیاترلە (٥٠) یاریزانی لەسەرجەم یاریەکان تێدایە بەشدارییان لە خولەکانی هەرێمی کوردستان و عێراقدا کردووە .ئەم یانانەی کە ناویان دێنین لە دەرەوەی وڵات بەشداریان کردووە ، یانەکانی ( کچانی هەولێر، ئافرۆدێتی کچان ، ئافرەتانی ئەکاد ، ئافرەتانی هەولێر ، ئافرەتانی سلێمانی ، پێشمەرگەی سلێمانی ، ئافرەتانی سەنحاریب ، سیروانی نوێ ، ئافرەتانی شەقڵاوە ، ئافرەتانی خانزاد ، ئافرەتانی زێرەڤانی ، برایەتی ، دوکان ، قەڵا ) ، واتا لە وڵاتانی (ئیمارات ، میسر ، جەزائیر ، تونس ، مەغرب ، لوبنان ، هەنگاریا ) بەشداریان کردووە. بە پێی پێڕەوی ئەم بەڕێوەبەرایەتیە ، لە هەڵبژاردنی یانەکاندا دەبێت بەلای کەم دەبێت (١) ئافرەت لە دەستەی کارگێڕی یانەدا هەبێت بۆ ئەوەی ڕۆڵی خۆی لەناو وەرزشدا ببینێت.

### ٢ -لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان:

ئەم لیژنەیە تایبەتە بە هەرێم و گشت یارییە کانی ئۆڵمپی وەك (گۆڕەپان و مەیدان، شەترەنج ، تێنسی سەر زەوی ،تۆپی باسکە ، تایکواندۆ، ئەسپسواری پیسکل سواری و...) لە خۆ دەگرێت ، کچانی وەرزشوان لەم جۆری یارییانەدا ئاست و ئەنجامی بەرچاویان بەدەستهێناوە چ لە ئاستی کوردستان و چ لەسەر ئاستی عێراقدا، کە ژمارەیان (٣٧) ئافرەتن و پاڵەوانێتیان بەدەستهێناوە. لەم خشتەی خوارەوە دەیخەینە روو:

**خشتەی ژمارە ( ٨)**

ژمارەی کچانی وەرزشوانی کردستان خاوەن ئاست و ئەنجامە بەرزەکان

| جۆری یاری | ژمارە | پارێزگا |
|---|---|---|
| تۆپی پێ | ١ | هەولێر |
| پایسکل سواری | ١ | سلێمانی |
| شەترەنج | ٢ | هەولێر – دهۆك |
| گۆڕەپان و مەیدان | ٤ | هەولێر |
| تێنسی سەرزەوی | ١٧ | هەولێر – دهۆك |
| تۆپی باسکە | ٩ | هەولێر – دهۆك-سلێمانی |
| تایکواندۆ | ١١ | هەولێر – سلێمانی |

## ٦-٣ هونەر:

سەبارەت بە بەرەوپێش چوونی بارودۆخی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان لە نێوان ساڵانی ١٩٩٢ – ٢٠١٧ لە بوارەکانی رۆشنبیری و هونەر ،دوابەدوای گۆرانکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکان لە لە هەرێم و ناو کۆمەڵگە بە گشتی کاریگەری ئەرێنی هەیە لەسەر گەشەسەندن و رۆڵی ژنان لەم بوارەدا و پێشکەوتنی بەخۆوە دیوە لە گشت بەشەکانی هونەردا ، بۆیە پێویستە یەك بە یەك پێشکەوتنەکان بخەینە روو:

### ١ -رۆڵی ژنان لە رۆشنبیری و هونەر:

**وێنەی ژمارە (٩)**

بەرزبوونەوەی ئاستی ئافرەت لە بواری شانۆ ، وێژە ، شێوەکاری ، موزیك ، گۆرانی لە پارێزگای سلێمانی

| ساڵ | رێژە | تێبینی |
|---|---|---|
| ٢٠٠٤ | %٣٠ - %٤٠ | وێژە |
| ٢٠٠٥ | %٣٠ - %٤٥ | وێژە |
| ٢٠٠٦ | %٣٥ | شانۆ و شێوەکار |
| ٢٠٠٧ | %٣٠ - %٣٠ | = |
| ٢٠٠٨ | %٣٥ | = |
| ٢٠٠٩ | %٣٠ - %٥٠ | = |
| ٢٠١٠ | %٦٥ | هەموو بەشەکان |
| ٢٠١١ | %٩٥ | بەشێوەیەکی گشتی بەرز بۆتەوە |
| ٢٠١٢ | %٩٠ - %٩٥ | = |
| ٢٠١٣ | %٩٥ | = |
| ٢٠١٤ | %٧٥ | = |
| ٢٠١٥ | %٥٥ - %٨٠ | لە وێژەدا بەرز بۆتەوە |
| ٢٠١٦ | %٥٠ - %٦٠ | هەمووی کەمی کردووە |
| ٢٠١٧ | %٣٠ - %٧٥ | شێوەکاری بەرزە ئەوانەی تر نزمە |

خشتەی ژمارە (١٠)

ژمارەی ئافرەتانی بەشداربوو لە بواری شانۆ ، وێژە ، شێوەکاری، موزیك ، گۆرانی لە پارێزگای دهۆك

| بوار | ژمارە |
|---|---|
| شێوەکار | ٢٥ |
| شانۆکار | ٢٣ |
| موزیکژەن | ٢٠ |
| سینەماکار | ١١٥ |
| وێژە | ١٥ |
| سەماکار | ٣٠ |
| کۆی گشتی | ٢٢٧ |

خشتەی ژمارە (١١)

ژمارەی ئافرەتانی بەشداربوو لە بواری شانۆ ، وێژە ، شێوەکاری ، موزیك ، گۆرانی لە پارێزگای هەولێر

| بوار | ژمارە |
|---|---|
| شێوەکار | ٢٧ |
| شانۆکار | ٢٥ |
| موزیکژەن | ٢١ |
| سینەماکار | ٢٠ |
| وێژە | ٢٠ |
| سەماکار | ٤٠ |
| کۆی گشتی | ١٥٣ |

**٢ -ڕۆڵی ئافرەت لە کتێبخانەکان:**

کتێبخانە گشتیەکان دامەزراوەی ڕۆشنبیری و پەروەردەیی و فێرکاری و زانیارین کە خاوەنی بنەماو چواچێوەی کۆمەڵایەتی و پرۆگرامی و خزمەتگوزاری بۆ بەرامبەری خۆیانن، لەم سۆنگەیەوە دەتوانین ڕۆڵی خانمان لە رووی سوود مەند بوون لە کتێبخانەکان لە رووی خوێندنەوەوە بە ڕێژە و بە پێی ساڵ بخەینە روو:

خشتەی ژمارە (١٢)

ڕێژەی خانمانی سوودمەند لە کتێبخانەکان لە ٢٠١٢ -٢٠١٦

| ساڵ | ٢٠١٢ | ٢٠١٣ | ٢٠١٤ | ٢٠١٥ | ٢٠١٦ |
|---|---|---|---|---|---|
| ژمارەی سەردان | ٢٠١٥٣٣ | ١٨١٢٧٦ | ١٣٥٥٧٧ | ١٠٩٥٤٩ | ١٢١٦٥٣ |
| ڕێژەی خانمان | %٣٧ | %٣٨ | %٣٩ | %٣٦ | %٣٩ |

## ٦-٤ ئافرەت و ئایین

لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا پێکهاتە ئاینییەکان بەشێوەیەکی ئاسایی بەبێ هەستکردن بە هیچ جیاوازییەک پێکەوە ژیان بەسەردەبەن و تا رادەیەکیش کۆمەڵگەیەکی موحافیزکارن، لە هەموو ئاینەکانی (کاکەیی، زەردەشتی، یەزیدی، یارسان، موسوڵمان....هتد.

ئافرەتانیش بەپێ ی تقوسە دینییەکان رۆڵ دەبینن لەنێو کۆمەڵگەدا هەربەم هۆیەشەوە دەتوانین ئاماژە بەوە بدەین کە لە ڕابردوودا ژنان بۆیان نەبوو بچنە نێومزگەوتەکان بەڵام ئێستا بۆ پرسەگێڕان و نوێژکردنی بەکۆمەڵ و قورئان خوێندن، شوێنی تایبەت بۆ ئافرەتان لەناو مزگەوتەکان ئامادەکراوە، هەروەها لە خوێندنەوەی مەلودنامەو خەتمکردن، ژنان دەتوانن ڕۆلی خۆیان بگێڕن لەبۆنە ئاینییەکاندا. بەهەمان شێوە لە ئایینەکانی تریشدا ئەم ڕۆڵەی ژنان بەرچاودەکەوێت.

هەروەها ئێستا لەناو وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی وەک کاروباری ئیداری (٩) ئافرەت بەرێوەبەرو بەرپرسی بەش دانراون کە لە ڕابردوودا وەزارەتی ئەوقاف تەنها پیاوی تێدابووە وەک بەرپرس.

لەگەڵ ئەوەشدا وەزارەتی ناوبراو ساڵانە و بەپێی پرۆژەکانی، خزمەت بە خانمان دەکات لە ڕێگەی چالاکی جۆراوجۆر دەربارەی بەشوودانی منداڵان ، کوشتن بەبیانوی شەرەف، خەتەنەکردنی کچان، بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان، هەروەها هەڵمەتەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان بەرێوە دەبات.

# حەوتەم: بواری کار و وەبەرهێنان

## ٧-١بواری کارکردن:

باری ئابووری هەرێمی کوردستان لە دوای ڕاپەڕین بە چەند دۆخێکی جیاوازدا تێپەڕیوە و بە پێی ئەو بارو دۆخە گۆڕانکاری لە نێو هێزی کاردا کراوە ، هەرلەسەرەتاوە زۆرترین هێزی کار لە نێو ڕەگەزی نێردا تۆمار کراوە چونکە داب و نەریت ئەو مۆرکەی لە نێو کۆمەڵگادا چەسپاندووە و ڕێگری کردووە لە هێزی کارکەری ژن لە کەرتی تایبەت و لە بازاڕی ئازاددا ، کارکردنی ئافرەتان زیاتر لە نێو دامودەزگاکانی حکومەت خۆی بینیوەتەوە بە تایبەتی لە بواری پەروەردە و تەندروستی ، بەڵام دواتر لە ساڵانی ١٩٩٢ تا ٢٠٠٣ بە هەوڵ و کۆششی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی بەتایبەت ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان لە ڕێگای خولی هۆشیاری و ڕۆشنبیری و کۆڕو سیمینار لە گشت ناوچە جیاجیاکان ڕۆڵی ژنانیان بەرز نرخاند لە بواری کارکردندا و بە هۆکاری پێشکەوتنی کۆمەڵگایان خستەڕوو ، لە هەمانکاتیشدا لە ڕێگای کردنەوەی خولی جۆراوجۆر وەك (دوورومان و تەندروستی سەرەتایی و دە رزی لێدان و کشتوکاڵی و کاری دەستی و دروستکردنی شیرینەمەنی و ئارایشتگا و ... هتد) بۆ ئافرەتان و پۆژەی بچوك بچوك بۆیان ، ئەگەر چی ڕێژەکان کەم بوون بەڵام هاندان بوو بۆ ژنان کە بتوانن هەنگاو بنێن و بەشداربن لە بازاڕی کاردا.

لێرەدا دەتوانین هەندێك ئاماری فەرمی ئەم ساڵانەی دوایی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان بخەینە ڕوو ، کەتەنها ڕەگەزی مێ وەرگیراوە تێدا ، بەبەراود لە نێو ساڵەکاندا بەم شێوەیە یە :

خشتەی ژمارە (١٣)

ڕێژەی بەشداری کردنی هێزی کار بە گشتی و ڕەگەزی مێ بە تایبەتی

| ساڵ | هێزی کار بە گشتی | هێزی کاری ڕەگەزی مێ |
|---|---|---|
| ٢٠١٢ | %٣٨،٤ | %١٢،١ |
| ٢٠١٣ | %٣٩،٨ | %١٢،٧ |
| ٢٠١٤ | %٣٩،٢٥ | %١٣،١٣ |
| ٢٠١٥ | %٣٩ | %١٤،٧٨ |

خشتەی ژمارە (١٤)

ڕێژەی بێکاری لە نێو ڕەگەزی مێدا

| ساڵ | ڕێژەی بێکاری ڕەگەزی مێ |
|---|---|
| ٢٠١٢ | %٢٢ |
| ٢٠١٣ | %١٧،٨ |
| ٢٠١٤ | %١٩،٦٣ |
| ٢٠١٥ | %٢٩،٤٤ |

خشتەی ژمارە (١٥)

ڕێژەی ئافرەتان لە کەرتی حکومی و کەرتی ناحکومی

| ساڵ | کەرتی حکومی | کەرتی تایبەت |
|---|---|---|
| ٢٠١٤ | %٧٩،٣٩ | %٢١ |
| ٢٠١٥ | %٧٦ | %٢٤،٢ |
| | | |
| | | |

## ٧-٢ بواری وەبەرهێنان:

لە ساڵی ٢٠٠٣ و دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس ، هەرێمی کوردستان لە ڕووی وەبەرهێنانەوە پێشکەوتنێکی یەکجار زۆر و بەرچاوی بەخۆوە بینیوە لە بواری ئاوەدانکردنەوەو تەندروستی و پەروەردەو گواستنەوەو گەیاندن و بازرگانی و پیشەسازی ...هتد کە تا ئێستاش بەردەوامە ، لەم ڕووەوە ئافرەتان تا ڕادەیەك هاتوونەتە پێش و ڕۆڵیان هەیە هەرچەندە ڕێژەی بەرچاو نین واتا (١%) پێکدێنن ، لەگەڵ

ئەوەشدا زۆر خاوەن کۆمپانیا هەن بەڵام بە شێوەی کارا کار ناکەن بەڵکو تەنها بە ناویان کراوە ، بەڵام لە بواری بازرگانی و خاوەن کارگە و ڕێستورانت و سەنتەری جوانکاری و ئارایشت و خاوەن نەخۆشخانە و...هتد ، هەن و کاردەکەن ، بۆیە دەکرێت بڵێین هەنگاوێك نراوە لەم بوارەدا.

## ٣-٧ ڕۆڵی حکومەت بۆ نەهێشتنی بێکاری و هەژاری لە نێو ڕەگەزی مێدا:

حکومەتی هەرێم چەند پرۆژەیەکی بەردەوامی گرتە ئەستۆ بۆ بەرەنگار بوونەوەی هەژاری و کەم کردنەوەی ڕێژەی بێکاری لە نێو گەنجاندا ، کە لە ڕێگای وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی و وەزارەتی پلاندانان ئەنجامدەدرێت ، ئەوانیش بریتین لە:

- **تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی:**

ئەم پرۆژەیە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشە پێدانی کۆمەڵایەتیە لە وەزارەتی کار ، لە سەرەتادا بە ناوی سندوقی چاودێری خێزان بوو کەلە ساڵی ٢٠٠٣ سەر بە وەزارەتی تەندروستی بوو جێبەجێ کرا ، پاشان دوای دروست بوونی وەزارەتی کارو کارو باری کۆمەڵایەتی لە ٢٠٠٤ ناوەکەی گۆڕرا بۆ تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی ، کەتایبەتە بە هاوکاری و پاڵپشتیکردنی خێزانی لێکترازا و ئەو خێزانانەی بژێوی ژیانیان و داهاتیان لە خوار هێڵی هەژاریەوەیە، ڕێژەی سودمەندی کچان و ژنان لەم پرۆژەیەدا بەم شێوەیە یە بە پێی ئاماری ساڵی( ٢٠١٦-٢٠١٧ ) ، لە پارێزگای هەولێر (٢٠٨٦٣) ژن ، پارێزگای دهۆك (١٤١٢٠) ئافرەت ، پارێزگای سلێمانی (٢٠٠٤٩) ژن ، کۆی گشتی بریتیە لە (٥٥،٠٣٢) ئافرەت سوودمەندن لە سەرتاسەری کوردستان کە ئەمانە دەگرنەوە ( بێوەژن ، جیابۆوە، بەجێهێشتن ، کچانی بێ دایك و باب ،پەککەوتە , خێزانی زیندانیان ، قوتابی خێزاندار ، بەساڵاچوو ، بێسەرپەرشت ).

- **بیمەی بێکاری بۆ هەردوو ڕەگەز:**

لە پێناو کەمکردنەوەی بێکاری و ڕەخساندنی هەلی کار و ئامادەکردنی دەرچووانی پەیمانگاو زانکۆ حکومیەکان بۆ بازاڕی کار ، لە ڕێگای وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم پرۆژەیە لە ساڵی ٢٠١١ کەوتە بواری جێبەجێ کردنەوە ، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایی و بڕینی بەشە بوودجەی هەرێم لەلایەن حکومەتی ناوەندەوە و هاتنی تیرۆرستانی داعش بۆ ناوچەکانی دەوروبەری هەرێم ، هەروەها زیاتر لە (١،٨٠٠،٠٠٠) ئاوارە و پەنابەر ڕوویان لە شارەکانی هەرێمی کوردستان کرد ، ئەم پرۆژەیە لە ساڵی ٢٠١٤ ڕاگیرا ، ڕێژەی گەنجان و لاوان بە هەردوو ڕەگەزەوە کە سوودیان لەم پرۆژەیە وەرگرتووە دەخەینە ڕوو :

خشتەی ژمارە (١٦)

ژمارەی گەنجانی سوودمەند لە پرۆژەی بیمەی بێکاری

| پارێزگا | ٢٠١٢ | ٢٠١٣ |
|---|---|---|
| هەولێر | ١٠،٢٠٧ | ٥،٥١٨ |
| سلێمانی | ١٣،٨٧٧ | ٨،٥٥١ |
| دهۆك | ٦،٤٠٤ | ٣،٩٠٥ |
| گەرمیان | ١،٢ | ١،١٤٩ |
| کۆ | ٣١،٧١١ | ١٩،١٢٣ |
| کۆی گشتی | ٥٠،٨٣٤ | |

- **قەرزی بچووك:**

مەبەست لە سندوقی پشتیوانی پرۆژە بچووکەکانی لاوان و بەرزکردنەوەی ئاستی کۆمەڵایەتی و ئابووری گەنجانی کوردستان و بەکارخستنی ووزە و تواناکانیان ئەم سندووقە دانرا لە کابینەی پێنجەمی حکومەت و کەوتە جێبەجێکردن و تا ٢٠١٧/١/١ ڕێژەی سوود مەندانی کچان و ژنان بەم شێوەیەیە لە پارێزگاکانی هەرێم:

پارێزگای هەولێر (١٥٢) ئافرەت ، پارێزگای سلێمانی (٨٩)، پارێزگای دهۆك (٣٧٥) ، ئیدارەی گەرمیان (٥٨٢) ، واتا کۆی گشتی بریتییە لە (١،١٩٨)، پرۆژەکانیان بە گشتی پێکهاتوون لە (بازرگانی، پیشەسازی، خزمەتگوزاری، کشتوکاڵی، گەشتیاری و هیترا).

## ٤-٧ بواری کشتوکاڵی:

هەر لەسەرەتاوە خاکی کوردستان بە خاکێکی بە پیت و بەرەکەت ناسراوە، لە رووی کشتوکاڵییەوە لە ڕابردوودا ژیان و گوزەرانی هاوڵاتییانی بەڕێوەبردووە، بەڵام لە دوای خاپوورکردنی دێهاتەکان و ئەنفال و کیمیاباران لەلایەن ڕژێمی پێشووی بەعسەوە، کەرتی کشتوکاڵیش بەرەو لاوازی ڕۆیشت، حکومەتی هەرێم لە ڕێگای وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاوەدانکردنەوەو شارەوانی برەوی خستە ناو گوندەکان و هانی گوندنشینانی دا بە کۆچی پێچەوانە لە شارەوە بۆ لادێ، لەم نێوەندەشدا بەچەند شێوەیەک پشتگیریی ئافرەتان کرا بۆ ئەوەی جێدەستیان هەبێت و بتوانن کاری بازرگانی بچووک بەدەستبهێنن وەک پێدانی مەڕومالات بۆ ئەوەی لە ڕێگای ئەوەوە بەرهەمی سپیایی ناوخۆ زیاد بکات و کارگەی قوتوبەندکردنی کردەوەو هەروەها وەزارەتی کشتوکاڵ بەتایبەتی کاری لەم پرسەدا کردووە بەم شێوەیە:

١. نزیکەی (٢٠% - ٣٠%)ی گرێبەستی زەوی کشتوکاڵی بەناوی ئافرەتانەوەکراو کە نزیکەی (١٨,٠٠٠) خانم دەبێت، جگە لە زۆری ژنان و کچانی جووتیار کە لەو کێڵگانەدا کاردەکەن.
٢. لە ساڵانی ڕابردوو ڕاهێنان بە (٢٠٠) ئافرەت کراوە بۆ پەروەردەی هەنگ و مانگاو شیرەمەنی و پەلەوەر و دروستکردنی خۆراک وەک: (سرکە، مرەبا، مێوژ...) کە زۆربەیان ئێستا لەسەر کارن.
٣. لەگەڵ ڕێکخراوی یونیدۆ ئێستا لە کارکردندان بۆ پێشخستنی خۆراکی دەست لە ماڵان بە پێکهێنانی کاری هەرەوەزی و کردنەوەی خول لەسەر ئامێرە پێشکەوتووە تەکنەلۆژییەکان.
٤. هەروەها لەگەڵ ڕێکخراوی کاریتاسی چیکی تەمویلی پرۆژەی بازرگانین لەنێوان جوتیارانی ژن و پیاو کە ئەمەش هانی ژنان دەدات بچنە کاری کشتوکاڵییەوە.

## هەشتەم: بەشداری ئافرەتان لە پاراستنی ئاشتی و سەقامگیری و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆردا

رۆڵی ژنان لەم بوارەدا گەشەی کردووە لە نێو هێزەکانی پۆلیس و هێزەکانی پێشمەرگە و ئاسایش و .... ئەم هێزانەش لە حکومەتی هەرێمی کوردستان سەربە وەزارەتەکانی ناوخۆ و پێشمەرگە و ئاژانسی پاراستنی هەرێمن ، هەریەکەیان دەزگای تایبەتیان هەیە بۆ پێگەیاندنی لاوان بە گشتی و کچان بە تایبەتی ، دەکرێت بەم شێوەیە:

### ٨-١ وەزارەتی ناوخۆ:

**١ -کۆلێژی پۆلیس:**

لەم وەزارەتەدا بەرپرسیارانە بەدەم تواناکانی ژنانەوە هاتوون و ئەوەیان لە بیر نەکرد، کە ئافرەتان وەك تەتەر و گەیەنەر و کاری نهێنی ناوشار لەسەردەمی ڕژێمی سەرکوتکەری پێشوو چۆن ڕۆڵیان بینیوە ، هەر بۆیە بە مەبەستی بە ئەکادیمی کردنی ئەم توانایانە و بۆ پێگەیاندنی کچان و کوڕان لەم بوارەدا ، لە ساڵی (١٩٩٧) کۆلێژی پۆلیسی لە هەولێر دامەزراند ، کە تا ئێستا (٩) خولی ئەفسەری بۆ ئافرەتان ئەنجامداوە کە بە سەدان کچ بە پلەی ئەفسەر بڕوانامەیان بە دەست هێناوە ، هەروەها (٢) خولی ڕێپێدراو بۆ کچان کردۆتەوە و دەیان کچ تێیدا بە پلەی ڕێپێدراو بڕوانامەیان بە دەستهێناوە. لە ساڵی (٢٠٠٠) بە هەمان شێوە کۆلێژی پۆلیسی لە سلێمانی دامەزراند و ژمارەیەك ژن تێیدا سوود مەند بوون.

**٢ -ڕۆڵی ژنانی پلەی سەربازی لە گشت بەڕێوەبەرایەتیەکانی وەزارەت:**

بە هەزاران ئەفسەر و کارمەند لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی سەر بە وەزارەت هەن ، کە (٣٤٠) پلەی سەربازی جۆراو جۆر سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی و گشت نوسینگە و بەڕێوەبەرایەتیەکانی بەرەنگار بوونەوەی توندوتیژی دژبە ئافرەتانن ، هەروەها سەدان کچ کە ژمارەیەکی بەرچاو پێکدەهنن لە ناو بەڕێوەبەرایەتیەکانی ( گشتی پۆلیس ، لێکۆڵینەوەی بەڵگەکانی تاوانی هەرێم ، پۆلیسی دارستان ، پۆلیسی کارەبا، پۆلیسی پارێزگای هەولێر، پۆلیسی پارێزگای دهۆك، پۆلیسی پارێزگای سلێمانی، پۆلیسی سۆران، پۆلیسی گەرمیان، پۆلیسی ڕاپەڕین، بەرگری شارستانی هەولێر، بەرگری شارستانی دهۆك، بەرگری شارستانی سلێمانی، بەرگری شارستانی سۆران، پۆلیسی مەشق و شیاندن) بە هەردوو پلەی ئەفسەر و کارمەند ڕنگدانەوە و ڕۆڵی ئافرەتان بەدی دەکرێت.

### ٨-٢ وەزارەتی پێشمەرگە:

**١ -کۆلێژی سەربازی:**

بە هەمان شێوەی وەزارەتی ناوخۆ ، دەرکیان بە هێز و بازوو و ماندوو نەناسی ئافرەتان کرد کە چۆن لە شاخ و پێشمەرگە ئاسا ڕۆڵیان بینیوە لە شۆڕشە یەك لە دوای یەکەکانی بەرگریکردن لە خاك ، هێزی پێشمەرگەی کوردستان دامەزراو لە نێو ئەم هێزانەشدا سریەی تایبەتی کچان و ژنان دروست بوون لە ئەنجامی کردنەوەی دوو کۆلێژی پێشمەرگە لە قەڵاچۆلان و زاخۆ، کە ژمارەیەکی دیار لە کچان لە کۆلێژانە دەخوێنن و پلەکانی سەربازی وەردەگرن.

## ٢ -ڕۆڵی ئافرەتانی پلەداری سەربازی لە وەزارەت:

ژمارەیەکی بەرچاو کە بە سەدان ئافرەتی پلەداری جۆراوجۆر لە ناو وەزارەت و هەندێ لە بەڕێوەبەرایەتی دا هەژمار دەکرێن، جگە لە چەند سریەیەکی کچان و ئامرفەوج و ئامرسریە، کە لە هەموو ئاینەکان بەشدارن تێیدا کە پێکهاتوون (مەسیحی، ئێزیدی، موسوڵمان، کاکەیی..)، هەروەها هەندێك لەم پێشمەرگانە لە ئەمریکا و ئەوروپا خولی بەهێزکردنی سەربازیان بینیوە و بەردەوامیشن لە ناردنە دەرەوەیان، لە ئێستادا بانگهێشتنامەیەك بۆ هەندێکیان هاتووە لە پنتاگۆن بۆ خولی پێگەیاندن، هەروەها دەستکەوتێکی تری هێزی پێشمەرگی کچان ئەوەیە کە لە ٢٠١٧/٩/١٨ (ملازم کۆچەر ساڵح) کە ئامر فەوجێکی ژنانە لەبەر لێهاتوویی و بە توانایی و بەشداری کردنی لە شەڕی دژ بە تیرۆرستانی داعش و یەکەم ژنە وەك بەرپرسی فەوج، لە شاری نیویۆرکی وڵاتی ئەمریکا لە لایەن ڕێکخراوی یونسکۆ و هایوای خەڵاتی بوێری بە ناوی پێشمەرگەی کوردستانەوە پێبەخشرا. بێشك بوونی ڕەگەزی مێ لە بواری پێشمەرگایەتی و بەرگریکردن لە خاك وەك هەمیشە ئاماژەیەکە بۆ پێشکەوتنی ژن لە هەرێمی کوردستان.

تێبینی:

لەبەر هۆکاری ئەمنی بە ژمارەو ڕێژەی ئافرەتان ئاماژەمان بە ژمارەی ئافرەت نەداوە، هەرکەسێك پێویستی بوو دەتوانێت لە وەزارەتەکانی ناوخۆ و پێشمەرگە وەریبگرێت.

# بەشی دووەم

## بەرەوپێشچوون و ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی ئافرەتان
## ١٩٩٣ - ٢٠١٩

لەسەرەتای ڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بە ڕۆڵی ڕێکخراوەکان دراوە ،کە  لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ هەوڵ و کۆششیان خستە گەڕ سەبارەت بە داکۆکیکردن و بەتواناکردنی ژنان لە ڕووی فێرکردن و پێگەیاندن و ئاشناکردن بە ئەرك و مافەکانیان و خستنە ڕووی توانا و بەگەڕ خستنیان لە گشت بوارەکانی ژیاندا.

بۆ خستنە ڕووی هەندێك لە کار و چالاکیەکانیان سوود لە ڕێکخراوەکانی (کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان ، یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ، یەکێتی ژنانی کوردستان ، یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامی کوردستان، ڕێکخراوی ڕاگەیاندن و ڕووناکبیری ژنان ) وەرگیراوە ، دەتوانرێت ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی تریش بە شێوەی ئەمان مەزەندە بکرێت بە پێی قەبارە و بەرفراوانی کار و چالاکیەکانیان.

جۆری چالاکی ئەم ڕێکخراوانە بریتی بووە لە کۆڕو سیمینار و کردنەوەی خولی جۆراوجۆر و پرۆژەی جۆراو جۆر ، لای خوارەوە دەیانخەینە ڕوو :

**١ -بەرەنگاربوونەوە و نەهێشتنی نەخوێندەواری:**

لە دوای ڕاپەڕین ڕێژەی نەخوێندەواری لە ناو ڕەگەزی مێدا ڕێژەی ڕوو لە زیاد بوون کرد بوو بەهۆی ناجێگیری باری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابورییەوە ، کە ڕێگربوون لە بەرەو پێشچونی کچان لە ڕووی پەروەردە و فێرکردنەوە ،هەربۆیە ئەم ڕێکخراوانە هەوڵەکانیان چڕکردەوە بۆ کەمکردنەوەی ئەم دیاردەیە و هەر یەکەیان بە پێی پەیڕە وپرۆگرامی ڕێکخراوەکەی و بە هەماهەنگی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان وەك (یونسێف ، دیاکۆنیای سویدی ، ئیکیولیبیری فەرەنسی) و چەند ڕێکخراوێکی تر و وەزارەتی پەروەردە ، لەسەرەتاوە تەنها لەلایەن ئەمانەوە ئەم پرۆژەیە جێبەجێ کرا تا ساڵی (٢٠٠١) ، پاشان وەزارەتی پەرەردە پرۆژەکەی گرتە ئەستۆی خۆی و هەردوو ڕەگەز تێیدا بەشداربوون تا دروست بوونی بەرنامەی خوێندنی خێرا لە وەزارەت ، بەڵام ئەم خولە تا ئێستاش بەردەوامی هەیە لە نێو پرۆگرامی ڕێکخراوەکاندا لە گشت شار و شارۆچکەکانی هەرێم ،لای خوارەوە هەندێك لەو ئامارانە پێشاندەدرێت :

نەخشەی ژمارە (١٨ )

خولی نەهێشتنی نەخوێندەواری لەلایەن ڕێکخراوەکان لە (١٩٩٣ – ٢٠١٧)

| ژ. خول | ژ.بنکە | ژ.سوودمەند | ناوی ڕێکخراو | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ٣٦٠ | ١٥ | - | کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان | |
| - | ٧٥ | ٥٠٠٠ | یەکگرتوی خوشکانی ئیسلامی کوردستان | |
| - | ١٠٥ | ٦٩٠،٠٠٠ | یەکێتی ئافرەتانی کوردستان | تا ئێستا خولەکان بەردەوامن لەم بنکانە |
| - | | ٥٠٠٠ | یەکێتی ژنانی کوردستان | جگە لە ٣ پۆل لە ناو م. سکرتاریەت کراوەتەوە لەگەڵ خولە جۆراوجۆرەکانی تر نەهێشتنی نەخوێندەواری بەردەوام هەبووە |

**٢ -خولە جۆراوجۆرەکان :**

مەبەست لە خولی جۆراوجۆر ، ئەو خولانەن کە پەیوەندیان بە هۆشیاری تەندروستی وەك ( هۆشیاری دەرونی ، نەزۆکی ، دایکانی دووگیان ،شیردانی سروشتی ، منداڵبوونی سروشتی ، پشکنینی مەمك و خۆپاراستن ... هتد) ،هەروەها خولی رۆشنبیری دەربارەی (یاساکان ، ڕۆڵی ئافرەت لە کۆمەڵگا ،ڕۆڵی ئافرەت لە هەڵبژاردندا ،هۆشیاری کۆمەڵایەتی ...هتد)، خولی پیشەیی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ئابوری کچان (دوورومان ، دەرزی لێدان و فریاگوزاری سەرەتایی ، کاری دەستی ، فێربوونی شیرینەمەنی

، خولی راوێژکاری کشتوکاڵی ،...هتد) خولی گەشەپێدانی مرۆیی وەك (فێربوونی زمانی ،فێربوونی کۆمپیوتەر ،خولی بەڕێوەبردن و کارگێڕی ، خولی ئەتەکێت لەگشت بوارەکاندا ، خولی فێربوونی چاپکردن ... هتد ).هەروەها خولی وەرزشی و هونەری و وێژەیی بێبەش نین لە چالاکی ڕێکخراوەکاندا ، ئەم خشتەیەی خوارەوە کۆی گشتی ژمارەی ئەو خولانەی ئەنجامدراون دەخاتە ڕوو:

**خشتەی ژمارە ( ١٩ )**

**خولە جۆراوجۆرەکانی ڕێکخراوەکانی ئافرەتان (١٩٩٣ – ٢٠١٧)**

| ژ.خولەکان | ژ.سوودمەندان | ناوی ڕێکخراو | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ٣٢٠ | - | کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان | |
| ١٠٠ | ٦٠٠ | یەکگرتوی خوشکانی ئیسلامی کوردستان | بە نزیکەی بە پێی هەڵسەنگاندنی ڕاپۆرتەکە |
| ٤٧٢٠ | ١٠٦،٨٠٠ | یەکێتی ئافرەتانی کوردستان | |
| ٧٧٥ | ١١،٧٣٣ | یەکێتی ژنانی کوردستان | |

**٣ -پرۆژەکان:**

پرۆژە بەشێکی سەرەکیە بۆ بەرەو پێشبردن و ئاسان کردنی کاری ڕێکخراوەیی و هەر ڕێکخراوێك بە دەیان پرۆژەی هەبووە ساڵانە ئەنجامدراوە ، ماوەی پرۆژەکان بە پێی گرنگیان ئەنجامدراون هەیانە درێژخایەن وهەشیانە کورتخایەن وەك: پرۆژەی کشتوکاڵی وەك( هەنگەوانی و بەخێوکردنی هەنگ، بەخێوکردنی مەڕوماڵات ، مشتل ...هتد ) ، پرۆژەی کۆمەڵایەتی وەك ( کردنەوەی ماڵی داڵدەدانی ژنانی هەڕەشە لێکراو ، سەنتەری ڕاوێژکاری خێزانی ، سەنتەری چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتیەکان ، پرۆژەی هێڵی گەرم ، کردنەوەی دایەنگا و باخچەی ساوایان ، پەیمانگای پێگەیاندنی ئافرەتان ، پرۆژەی لەناوبردنی خەتەنە کردنی کچان...هتد ) پرۆژە ئابووریەکان وەك ( پرۆژەی قەرزی بچوك ، کردنەوەی کارگەی دوروومان ، دۆزینەوەی هەلی کار بۆ ئافرەتان ، کردنەوەی ئارایشتگا، کردنەوەی بازاڕی ژنان، پرۆژەی لە قوتونان...هتد ) هەروەها پێشکەش کردنی پرۆژە بۆ هەموارکردنەوەی یاساکان و پرۆژەی دروستکردنی ڕێکخراوی مەدەنی و سەنتەر و کردنەوەی هۆڵی بۆنەکان و... هتد ،ئەمانەو چەندان پرۆژەی تر، کە لەم خشتەیەدا بە ژمارە دەخرێتەڕوو(*):

**خشتەی ژمارە ( ٢٠ )**

**پرۆژەی ڕێکخراوەکانی ژنان لە (١٩٩٣- ٢٠١٧)**

| پرۆژە | ناوی ڕێکخراو |
|---|---|
| ٦٩ | کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان |
| ١٩ | یەکگرتوی خوشکانی ئیسلامی کوردستان |
| ١٨٠ | یەکێتی ئافرەتانی کوردستان |
| ٦١ | یەکێتی ژنانی کوردستان |
| ٨ | ڕاگەیاندن و ڕوناکبیری ژنان |

(*) لە کۆی (١٤) ڕێکخراو و (NGO) کە داوامان لێکردبوون تەنها ئەم (٥) ڕێکخراوە ڕاپۆرتیان بۆ ناردین و وەڵامیان دایەوە.

- ئەمانەی سەرەوە و چەندان چالاکی تر هەن کە ڕێکخراوەکان بە بەردەوامی ئەنجامی دەدەن بە پێی بار و دۆخ و ئەو هەل و مەرجانەی هەرێمی کوردستان بە گشتی و ژنان و ئافرەتان بە تایبەتی پێیدا تێپەڕدەبن ، ڕێکخراوەکان بە گشتی ڕۆڵی تێدا دەگێڕن ، بەڵام لەبەر نەبوونی ئامارێکی وورد و دروست بەمشێوەیە ئاماژەی پێدەدەین:

- لە ڕێگای (کۆڕ و سیمینار و کۆنفرانس و ڕاپرسی و توێژینەوە لە گشت بابەتەکانی تەندروستی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و پەروەردەییەکاندا) دەستنیشانی کێشەکانی ژنان دەکرێت و پلانی کاری جێبەجێ کردنی بۆ دادەڕێژرێت.
- لە ڕووی هاوکاری مرۆیی بۆ (کەمئەندامان و ئاوارە و پەنابەر) لە لایەك و هاوکاری خانەوادەی شەهیدان و ئەنفالکراوان و هێزەکانی پێشمەرگە لەلایەکی ترەوە، بەتایبەتی لەم چەند ساڵەی دواییدا کە هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی شەڕی تیرۆر و قەیرانی دارایی بۆوە ڕێکخراوەکان پێشەنگ بوون لەم رووەوە .
- کۆکردنەوەی هەزاران واژو بۆ ( نەهێشتنی فرەژنی و کوشتنی ژنان بە بیانووی شەرەفپارێزی ، دادگایی کردنی تاوانبارانی پرۆسەی ئەنفال ... هتد).
- ئەنجامدانی ڕێپێوانی گەورە بە بەشداری سەدان ئافرەت بۆ (بەرەنگار بوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان بەتایبەتی کوشتنی ژنان ، گشت پرسە نەتەوەییەکان ...هتد)
- دامەزراندنی ناوەندی هاوبەش و فیدراسیۆن و تۆڕی ڕێکخراوەکان کە لە ساڵی ١٩٩٨ بەردەوامی هەیە بۆ ئاگادار بوون سەبارەت بە گشت پرسەکانی ئافرەتان لە شارەکانی کوردستان.
- بۆ چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتیەکان پشتبەستن بە کەسانی یاسایی و توێژەری کۆمەڵایەتی و پسپۆڕ و شارەزا بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە و کەیسە کۆمەڵایەتیانەی کە ڕوو لە ڕێکخراوەکانیان دەکەن لە ڕێگای بەش و سەنتەری تایبەت بەم لایەنە هەزاران کێشە چارە کراوون.
- هەروەها لە ڕووی ڕاگەیاندنەوە هەر ڕێکخراوێك بڵاو کراوەی بەردەوام و کاتی هەیە و ڕادیۆی تایبەت و بەرنامەی ڕادیۆی و تلفزیۆنی و ڕۆژنامە و گۆڤار و ناملکە و کتێب و پۆستەر و برۆشۆری جۆراو جۆر بە پێی بۆنەکان دەردەکەن.

# بەشی سێیەم

## قۆناغی شەڕی تیرۆرو بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریستانی داعش

## ٢٠١٤ - ٢٠١٩

لە دوای هێرشەکەی ڕێکخراوی تیرۆرستی دەوڵەتی ئیسلامی عیراق و شام (داعش) بۆ هەندێك ناوچەی عیراق و داگیر کردنیان ،بەتایبەتی گەورەترین شاری عیراق کە شاری موسڵ بوو ، پاشان بە پیلانێکی قێزەون لە ٣ ی ئابی ٢٠١٤ روویان کردە قەزای شەنگال و دەوروبەری کە زۆربەی دانیشتوانەکەی پێکهاتەی ئاینی کوردانی ئێزیدی و هەندێکیشان کریستیان و پێکهاتەکانی تریش تێیدا دەژیان ، بوونە قوربانی بە ژن و پیاو و منداڵەوە ئەوەی رزگاری بوو بەرەوشارەکانی هەرێمی کوردستان هاتن و بە هەزارانی تریشیان توشی زیندەبەچاڵ کردن و کۆمەڵکوژی و دەستدرێژی سێکسی و بە کۆیلە کردن و فرۆشتن لە بازەرەکانی هەندێك لە وولاتانی عەرەبی.

پاشان حکومەت بە هاوکاری مادی و مەعنەوی ڕێکخراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکان و خاوەن سەرمایەدارەکان و وولاتە بەخشەر و هاوپەیمانەکان ، سەرتاپای ئەولەویاتی پلانی گۆڕی بۆ بە هاناوە چوونی لێقەوماوان و بەرەنگار بوونەوەی شەڕ دژ بە تیرۆر ، بێگومان پرسی ئافرەت یەکەمین پرس بوو کە شانی درایە بەر بۆ هاوکاری کردنی ڕزگاربوان و بەدەستهێنانەوەی لە دەستچوان بە پاڵپشتی راستەوخۆی بەڕێزان (سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕێزدار مسعود بارزانی و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی)، جێی ئاماژەیە کە زیاتر لە (١،٨٠٠،٠٠٠) ئاوارە و پەنابەر ئێستا لە هەرێمی کوردستان دەژین و تا ئامادە کردنی ئەم راپۆرتە هاتنی ئاوارە بەردەوامی هەیە بۆ شارەکانی هەرێم ، لە گەڵ ئەم هەموو نەهامەتییە کە بەسەر گەلەکەماندا هات و بڕینی بەشە بودجەی هەرێم لەلایەن حکومەتی ناوەندەوە و دابەزینی نرخی نەوت ، کوردستانی تووشی قەیرانێکی دارایی قورس بۆتەوە کە تا ئێستا نەتوانراوە بگەڕێتەوە باری ئاسایی خۆی .

لێرەدا هەندێك لە کارو چالاکیەکان دەخەینە ڕوو :

١ - کەمپینی هاوکاری مرۆیی و ماددی (خواردن و خواردنەوە ، جلوبەرگ و پۆشاك، پێخەف ، داو و دەرمان .... هتد ) بەتایبەتی پێداویستی ژنان و منداڵان ، بۆ ماوەی (١)هەفتە لەبەردەمی پارکی شانەدەر کە زیاتر لە (٢٠٠) تەن گەیەندرایە زۆربەی کەمپەکان و چیای شەنگال لەلایەن ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان .کە تا ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە بەردەوامی هەیە.

٢ - پرۆژەی ئیمێرجنسی (National Action Plan) بۆ هاوکاری ئاوارەکان بەتایبەتی ئافرەتان و منداڵان بە ئامادەیی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان و ڕێکخراوە بەخشەرە نێو دەوڵەتیەکان.

٣ - دامەزراندنی لیژنەی باڵای جینۆساید لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم.

٤ - کردنەوەی نوسینگەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان و تیمی گەڕۆك لە گشت کەمپەکان لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ.

٥ - پرۆژەی گۆڕینی هەڵسوکەوت بە مەبەستی کەمکردنەوەی بەشوودانی منداڵان کە بۆ ماوەی سێ ساڵ بەردەوام دەبێت.لەبەر ئەوەی ئەم دیاردەیە لە نێو کەمپ و ئاوارەکاندا بەربڵاو بوو لەلایەن ئەنجومەن و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بە هاوکاری ڕێکخراوە نێو دەوڵەتیەکان .

٦ - جێبەجێ کردنی پلانی کاری نیشتمانی بڕیاری ١٣٢٥ (ئافرەت ، ئاشتی ، ئاسایش).

٧ - کردنەوەی سەنتەری جینۆساید لە دهۆك ،کە بەشێك لە کارەکانی جێبەجێ کردنی پرۆتۆکۆلی لێکۆڵینەوە و بە دیکۆمێنت کردنی دەستدرێژکردنی سێکسی لە کاتی ململانێکاندا لە لایەن وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان.

٨ - کردنەوەی سەنتەری چارەسەری و پشتیوانی ژنان و کچانی ڕزگار بووی دەستی داعش لە دهۆك لەلایەن وەزارەتی تەندروستی بە هاوکاری ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان.

٩ - کردنەوەی نوسینگەی تایبەتی سەرۆکی حکومەت بۆ هاوکاری شنگال و دەوروبەری و ڕزگارکردنی کچان و ژنانی بن دەستی تیرۆرستان.

١٠ -کردنەوەی نزیکەی (٥٠) سەنتەری هۆشیارکردنەوە و خزمەتگوزاری تەندروستی و دەروونی و ...هتد لە ناو کەمپەکان لەلایەن ڕێکخراوەکانەوە.

١١ -کـردنەوەی قوتابخـانە لە نێوکەمپەکانـدا لەلایەن وەزارەتـی پەروەردە و بە هاوکـاری ڕێکخـراوە نێودەوڵەتیەکان.
١٢ -کردنەوەی بنکەی تەندروستی سەرەتای و دابینکردنی پزیشکی نەخۆشیەکانی ئافرەتـان و منداڵان بـۆ ئـاوارەی نـاو کەمپەکـان لەلایەن وەزارەتـی تەندروسـتی. هەروەهـا دابینکردنـی گشـت خزمەتگوزاریەکانی تر.
١٣ -بە دیکیۆمێنت کردنی توندوتیژی بەرامبەر بە کچانی فڕێندرا و ڕزگار بوو لە دەستی داعش و ژنانی ئاوارە.



## پوختە

دوابەدوای کۆکردنەوەی زانیاری و بەدوادا چوونی پرۆژە و کار و چالاکیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستـان و ڕێکخراوەکانی کـۆمەڵی مەدەنـی لە سـەرەتای دروسـت بـوونی پەرلەمـان و دامەزرانـدنی حکومەت ، لە ساڵی (١٩٩٢- ٢٠١٧) سەبارەت بە دۆخی ژنان و پەرەسەندنی توانا و پێشکەوتنەکانی پرسی ئافرەتان لە بوارەکانی (یاسا ، سیاسی ، کـۆمەڵایەتی ، ئـابووری ، سـەربازی ...) ، ئەوەی کە بەر دەستمان کەوتووە بە ئامار و ژمارە ، لە کۆتایی ئەم بە دواداچوونەماندا بۆمان دەردەکەوێت ، کە ساڵ بەساڵ گۆڕانکاری بەرچاو هەبووە لەسەر بار و دۆخی ژنان بە پێی قۆناغەکانی تێپەڕ بـوونی هەرێم لە ڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەوە و لەگەڵ ئەوەشدا لە هەنـدێك ڕووە وە جێـی دڵخۆشـی نیە ، بۆیە دەتوانین چەند هەڵسەنگاندنێکی خێرای بۆ بکەین:

**یەکەم:**

متمانەی سەرکردایەتی سیاسـی کوردسـتان بە ژنـان و ئـیرادەی ڕەهـا بـۆ پێشکەوتنی ئافرەتـان و ڕۆڵی ژنانی چالاکوان و ڕێکخراوەکانی ئافرەتان دەستکەوتگەلێکی باشی لێکەوتەوە وەك ، داڕشتنی یاسا لە بەرژەوەنـدی مـافە ڕەواکـانی خانمـان و بەشـداری ژنـان لە سیاسـەت و پێشـکەوتنە ئـابووری و کۆمەڵایەتیەکـان و کـرانەوەی پـێگەی سیاسـی و ئـابووری کوردسـتان بەڕووی وولاتانـدا و بەشـداری ئافرەتـانی چـالاکوان و شـاندە باڵاکـان لە کـۆڕ و کۆنفرانسـە نێودەوڵتیەکـان ، ئەوە دەردەخەن کە کـاریگەری ڕاسـتەوخۆی هەبـووە لە پـێش کەوتـن و ناوبـانگی ژنـان و بەهێـزی پێگەیـان لە هەرێمـی کوردستان.

**دووەم:**

ڕێژەی بەشداربوونی کچـان و ژنـان بە شـێوەیەکی ئەرێنـی دەردەکەوێت لە گشت بوارەکانـدا، لە هەنـدێك ڕووەوە ڕێـژەی یەکسـان بەدەسـتهاتووە وەك لە (پەروەردە و خوێنـدنی بـاڵا و کارمەنـد لە دەامودەزگاکانی حکومەتدا و هەندێکی تر)، بەڵام لە زۆر ڕووی ترەوە جیاوازیەکی زۆر هەیە لە ڕێژەکاندا هەرچەندە هەنگاوی بۆ نراوە و لە گشت بوارەکانـدا بـوونی ئـافرەت ڕەنگـدانەوەی خـۆی هەیە، لێـرەدا ئەوەمـان بـۆ روون دەبێـتەوە زەمینـە سازی و ڕێکـاری جـددی بەتەواوەتـی نەخـراوەتە گەڕ، کە ئەمەش دەگەڕێـتەوە بـۆ ئەوەی سسـتەمێکی گشـتگیر و یەکسـان نیە لە نێـو پلانـی کەرتـی حکـومی و کەرتـی تایبەتی ،و ناڕێکی و پەرت و بڵاوی پلانـی کـاری ڕێکخراوەکـان و بێئاگـای لە پرۆژەکـانی یەکتـر ، لەگەڵ ئەوەشدا پرسی ژن نەبۆتە پرسێکی سیستماتیکی لە نێو کایەکانی ڕەوتی ژیاندا .

**سێیەم:**

ڕێژەکـان پێمـان دەڵـێن پێشـکەوتنی ژنـان و کـارو چالاکیەکـان لە سـاڵی (٢٠٠٦–٢٠١٣) بـووە بەتـایبەتی مـاوەی سـاڵانی (٢٠١١ – ٢٠١٣ ) بەسـەردەمی زێـڕن ناودەبرێـت بـۆ ئافرەتـان لە ڕووی

گەشەسەندن و کەمی توندو تیژیەکان بەرامبەر بە ڕەگەزی مێینە.هەر بۆیە دەتوانین بڵێین نەبوونی بوودجە و قەیرانی سیاسی و ناسەقامگیریی دارایی ڕاستەوخۆ کاریگەری دەبێت لەسەر بەرەوپێش چوونی ڕەوشی ئافرەتان.

**چوارەم:**

لەم ڕاپۆرتەدا دەردەکەوێت کە کلتورو دابونەریت هێشتا زاڵە بەسەر کۆمەڵگەداو نەتوانراوە ئەو تێگەیشتنە زانستیانە ڕۆشنفکریە بڵاوبکرێتەوە دەربارەی پرسی ئافرەتان وەک ئەندامێکی کارا کە ڕۆلی هەبێت لە گشت بەرەوپێشچوونە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیەکاندا. بە کورتی ڕوانگەی کۆمەڵگە بەرامبەر بە ژن ڕوانگەیەکی پیاوسالارییە لەگەلێک ئاستدا.

**پێنجەم:**

سەرەڕای بوونی گەلێ یاسای باش کە لە خزمەتی مافەکانی ژناندان بەڵام لە ڕووی جێبەجێکردنەوە پێویستیان بە چاودێری و بەدواداچوونی بەردەوام هەیە.

**شەشەم:**

لە ئەنجامی دوو تویێی ئەم ڕاپۆرتەدا کە گوزارشت لە ڕەوشی خانمان دەکات لە ماوەی (٢٥) ساڵی حکومڕانی گەلی کوردستاندا، پێویستە بە هەموو لایەك توێژنەوەیەکی تێر و تەسەل ئەنجامبدرێت لەسەر هۆکار و کەموکوڕیەکان و ئەو بۆشاییانەی کە جێ پەنجەی ئافرەتی تێدا بەدیناکرێت ، هەروەها ستراتیژو پلان دابرێژرێت بۆ چۆنیەتی پاڵپشتکردنی ژنان بۆ ئەوەی ڕۆڵی گەورە ببینن لە گشت کایەکانی حوکمڕانی ووڵات ،بۆ (٢٥) ساڵی داهاتوو بەهاوکاری و بەشداری وەزارەتەکانی پەیوەندیدار، ڕێکخراوە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان، دەزگاکانی ڕاگەیاندن و چالاکوانان..

**حەوتەم:**

لەسەر ئاستی حکومەت ستراتیژ دارێژراوە وەک ستراتیژەکانی (ستراتیژیی نیشتمانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان) هەروەها (ستراتیژی نیشتیمانیی بۆ پەرەپێدانی ڕەوشی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستاندا) کە لەسەر ئاستی وەزارەتەکانی حکومەت و بەشێک لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پلانی بۆ دانراوە، بەهۆکاری جیا جیا بەشێک لەو پلانانە نەیانتوانیوە ئامانجەکانیان بپێکن.

# سەرچاوەکان


یەکەم: ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان و سەندیکاکان:
١ - یەکێتی ئافرەتانی کوردستان
٢ - یەکێتی ژنانی کوردستان
٣ - کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان
٤ - یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامی کوردستان
٥ - ڕێکخراوی راگەیاندن و رووناکبیری ژنان
٦ - سەندیکای رۆژنامەنوسانی کوردستان

دووەم: پەرلەمان و وەزارەت و دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێم:
٧ - لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان
٨ - وەقائعی کوردستان
٩ - وەزارەتی ناوخۆ
١٠ - وەزارەتی پێشمەرگە
١١ - وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی
١٢ - وەزارەتی پەروەردە
١٣ - وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
١٤ - وەزارەتی تەندروستی
١٥ - وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان
١٦ - وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار
١٧ - ئەرشیفی نوسینگەی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ئافرەتان
١٨ - لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان
١٩ - فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوە
٢٠ - وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی
٢١ -وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری
سێیەم: سەرچاوە دیکۆمێنتکراوەکان:
٢٢ -کتێبی بەشداری سیاسی ژنان لە باشووری کوردستان – کنێر عەبدوڵا-چاپی یەکەم - ٢٠١٧
٢٣ -دەستکەوتەکانی ژنانی باشووری کوردستان لە نێوان ساڵانی (١٩٩٢-٢٠١٤ ) – تابان گەرمیانی- چاپی یەکەم - ٢٠١٥
٢٤ -راپۆرتی فەرمانگەی ریکخراوە نا حکومییەکان لە (سال و نیوێك)دا (٢٠١٣-٢٠١٤)
٢٥ -ڕاپۆرتی ساڵانەی ئامار و چالاکیەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگار بوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان ٢٠١٧
٢٦ -ئەنجامەکانی رووپێوی کار و بێکاری نیوەی دووەمی ٢٠١٥، دەستەی ئاماری هەرێم.
٢٧ -راپۆرتی ساڵانەی ئاماری پەروەردەیی ساڵی (٢٠١٥ -٢٠١٦).

چوارەم: کەسایەتیەکان:
٢٨ -بەڕێز زەکیە سەید ساڵح
٢٩ -بەڕێز بەدیعە دارتاش
٣٠ -بەڕێز کوێستان محەمەد
٣١ -ئەرشیفی تایبەت

# نـــاوەڕۆك


| ل. | بابەت |
|---|---|
| ٣ | پێشەکی |
| ٥ | بەشی یەکەم: بوارەکانی بەرەوپێش چوونی پێگە و ڕۆڵی.... |
| ٦ | یەکەم: بواری یاسایی |
| ٦ | ١-١ یاساکانی تایبەت بە مافەکانی ئافرەت |
| ٩ | ١-٢ ڕۆڵی ئافرەت لە دەسەڵاتی دادوەریدا |
| ٩ | ١-٣ دەزگا و لیژنە یاساییەکان |
| ١٠ | دووەم: بواری سیاسی |
| ١٠ | ٢-١ ڕۆڵی ئافرەت لە نێو پارتە سیاسیەکان |
| ١٠ | ٢-٢ ڕۆڵی ژنان لە پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگا |
| ١١ | ٢-٣ ڕۆڵی ئافرەت لە کابینەکانی حکومەتی هەرێم |
| ١٢ | ٢-٤ ڕێژەی ئافرەتانی پلەتایبەتەکان لە نێو دەزگاکانی... |
| ١٢ | ٢-٥ ڕێژەی ژنان لە نوێنەرایەتیەکانی حکومەت لە ... |
| ١٣ | سێیەم: دەزگاکانی تایبەت بە پرسی ئافرەتان |
| ١٣ | ٣-١ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی |
| ١٤ | ٣-٢ سەنتەرەکانی داڵدەدانی ژنانی هەڕەشە لێکراو |
| ١٤ | ٣-٣ بەڕێوەبەایەتی گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی |
| ١٥ | ٣-٤ بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی... |
| ١٥ | ٣-٥ بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ.. |
| ١٧ | ٣-٦ دەزگای یەکسانی |
| ١٧ | ٣-٧ نوسینگەی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ژنان و ئافرەتان |
| ١٨ | ٣-٨ ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان |
| ٢١ | چوارەم: بواری پەروەردەو خوێندنی باڵا |
| ٢١ | ٤-١ پرۆژەی بەرەنگاربوونەوەو نەهێشتنی نەخوێندەواری |
| ٢٢ | ٤-٢ خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی |
| ٢٥ | پێنجەم: بواری تەندروستی |
| ٢٩ | شەشەم: بواری کۆمەڵایەتی |
| ٢٩ | ٦-١ ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن |
| ٣٠ | ٦-٢ وەرزش |
| ٣١ | ٦-٣ هونەر |
| ٣٣ | ٦-٤ ئافرەت و ئاین |
| ٣٤ | حەوتەم: بواری کار و وەبەرهێنان |
| ٣٤ | ٧-١ بواری کارکردن |
| ٣٤ | ٧-٢ بواری وەبەرهێنان |
| ٣٥ | ٧-٣ ڕۆڵی حکومەت بۆ بەرەنگار بوونەوەی بێکاری و هەژاری |

| ل. | بابەت |
|---|---|
| ٣٦ | ٧-٤ بواری کشتوکاڵی |
| ٣٧ | هەشتەم: بواری بەشداری لە پاراستنی ئاشتی و سەقامگیری هەرێم |
| ٣٧ | ٨-١ وەزارەتی ناوخۆ |
| ٣٧ | ٨-٢ وەزارەتی پێشمەرگە |
| ٣٩ | بەشی دووەم: بەرەوپێشچوونی ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و ژنان لە ... |
| ٤٠ | ١- بەرەنگاربوونەوەو نەهێشتنی نەخوێندەواری |
| ٤٠ | ٢- خولە جۆراوجۆرەکان |
| ٤١ | ٣- پرۆژەکان |
| ٤٣ | بەشی سێیەم: قۆناغی شەڕی تیرۆر و بەرەنگاربوونەوەی... |
| ٤٥ | پوختە |
| ٤٧ | سەرچاوەکان |